گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/a5rmea48

ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: ٢٠٢٥/٠٦/٠٢
ڕێکەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٥/٠٨/١٠
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٦/٠٣/٢٠

# دینامیکییەتی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە فەلسەفەی (ئیبن خەلدون)دا

**ڕێناس برایم حمد[1] - احمد محمود احمد[2]**

dr.ahmed@uor.edu.krd - renasibrahim133@gmail.com

[1] بەشی فەلسەفە، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە ،هەرێمی کوردستان، عێراق.

[2] بەشی عەرەبی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە بەشــێکە؛ لە لێکۆڵینەوەیەکی زانســتی دەربارەی؛ فەلســەفەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە هزری ئیبن خەلدوندا، پێکدێت لە سێ بەش و چەند تەوەرێک، سەرەتا پێناسەی چەمکی "گۆڕانی کۆمەڵایەتی" دەکات و کورتەیەکی زۆر پوخت لەســــەر ژیاننامەی ئیبن خەلدون دەخاتەڕو، دیدی ئیبن خەلدون دەربارەی چەمکەکە شی دەکاتەوە، جیاوازی و تایبەتمەندییەکانی تێزی خەلدونیش لەمەڕ پرۆســـەی "گۆڕانی کۆمەڵایەتی" دەخاتە بەر دیدی خوێنەران و دابەشی ســەر سێ لایەن و ڕەهەندی جیاوازی دەکات، پێناســە و تێگەیشــتنی ئیبن خەلدون بۆ هەر دو قۆناغی "پێش و پاش" شـارنشـینی دەخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە، شرۆڤەی دیدی خەلدونیش دەکات لەمەڕ نیشانە و تایبەمەندییەکانی هەردو قۆناغەکە و دەیبەســتێتەوە بە پرۆســە و جولەی "گۆڕانی کۆمەڵایەتی، باســیش لە فەلســەفەی حەتمییەت و کاریگەرییەکانی کەشـــوهەوا و و ژینگە و جوگرافیا دەکات لەســــەر جیاوازی خورەوشــــت و گۆڕینی نۆرم و ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان لە دید و فەلسەفەی خەلدونییدا، هەروەک فەلسەفەی زانا و کۆمەڵناسی گەورە ئیبن خەلدون لەمەڕ سـوڕ و لایەنی بایەلۆژی تەمەنی شـارسـتانییەت و دەوڵەت و قەوارە سـیاسـییەکان سـاغدەکاتەوە. باسـیش لەو هۆکار و ڕەفتارانە دەکات؛ کە ئیبن خەلدون وەکو میکانیزمی هاتنە کایەی پرۆسەی "گۆڕانی کۆمەڵایەتی" لە قەڵەمیان دەدات، لە کۆتایشدا؛ دەگاتە چەند دەرەنجام و ڕاسپاردەیەک، گرنگترینیان؛ بیر فراوانی و گشگیری هزری خەلدونە لەمەڕ چەمکی "گۆڕانی کۆمەڵایەتی".

**کلیلە وشەکان:** گۆڕانی کۆمەڵایەتی، شارنشینی، حەتمییەت، ئیبن خەلدون

# The Dynamics of Social Change in the Philosophy of Ibn Khaldun

**Renas Brahim Hamed[1] - Ahmad Mahmood Ahmad[2]**

[1]Department of Philosophy, College of Humanities, University of Raparin, Rania, Kurdistan Region, Iraq.

[2]Department of Arabic, College of Education, University of Raparin, Rania, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

This study is a part of a scientific investigation into the philosophy of “social change” in the view of Ibn Khaldun. It is divided into three parts, each addressing key topics. The first part searches the concept of “social change”, focusing on Ibn Khaldun's definition and interpretation. It assesses his analysis of the two different stages of urbanization ”before and after” and shows the signs and characteristics of each stage, connecting them to the broader process of social change. The paper also mentions the effect of geography on behavioral differences and evolving social norms and roles, as discovered through Khaldun’s philosophical views. Furthermore , it examines Ibn Khaldun’s theory on the biological cycle of civilizations, states, and political institutions. The study further highlights the causes and behaviors he identifies as mechanisms driving what he terms "social change," concluding with several essential results and suggestions.

**Keywords:** Social Change, Urbanization, Inevitability, Ibn Khaldun

## پێشەکی:

"گۆڕانی کۆمەڵایەتی" یەکێکە لە گرنگترین بابەتەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان کە لە سەدەکانی ڕابردودا؛ هزر و بیری زانایان و کۆمەڵناسانی سەرقاڵکردوە... لەم چوارچێوەیەشدا، ئیبن خەلدون (١٣٣٢-١٤٠٦ز) وەکو یەکێک لە پێشەنگەکانی زانستی کۆمەڵناسی و فەلسەفەی مێژو لە جیهانی ئیسلامیدا، بەشێوەیەکی جیاواز؛ چەمکی "گۆڕانی کۆمەڵایەتی" و هۆکارەکانی لە پەرتوکە بەناوبانگەکەی "المقدمة"دا خستۆتەڕو.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی دیدگای ئیبن خەلدون سەبارەت بە "گۆڕانی کۆمەڵایەتی" و چۆنیەتی ڕودانی گۆڕان و پێشکەوتن و پەرەسەندنە کۆمەڵایەتییەکان، هەوڵمانداوە؛ بە میتۆدی گەڕان و پشکنین"منهج الاستقراء" خوێندنەوەیەکی ورد و گشتگیر بۆ "المقدمة"ی ئیبن خەلدون بکەین، هەوڵیشمان داوە؛ لە بەشەکانی دیکەی ئەم لێکۆڵینەوە بەراوردێکی خێرای بیروڕاکانی ئیبن خەلدون بکەین لەگەڵ تیۆرییە هاوچەرخەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، ئەم توێژینەوەیە ڕۆڵی ئیبن خەلدون لە دانانی بنەماکانی زانستی کۆمەڵناسی و بایەخی بیروڕاکانی لە تێگەیشتنی "گۆڕانی کۆمەڵایەتی" و پەرچەکردارەکانی ڕوندەکاتەوە. کۆمەڵگای مرۆیی بە درێژایی مێژو و سەردەمە جیاوازەکان؛ هەمیشە گۆڕانکاری بەردەوامی بەسەرداهاتوە، کە خۆیان لە شێوازەکانی (ژیان، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، سیستەمە سیاسی و ئابوری و کولتورییەکان)دا بەرجەستە بوە. گرفت و ئاڵۆزی و ئیشکالییەتی چەمکی "گۆڕانی کۆمەڵایەتی" لە سروشتی

پێکهاتەکەیدا... چونکە شـێواز و دینامیکییەتی گۆڕانەکە؛ لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکیتر جیاوازە، بڕ و شـێواز و خێرایی "گۆڕانی کۆمەڵایەتی" گۆڕانی بەسەردا دێت.

**ئامانجەکانی توێژینەوە:**

ئامانجی سـەرەکیی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە شـیکردنەوە و تێگەیشـتن لە هزری فەلسـەفیی ئبن خەلدون دەربارەی "گۆڕانی کۆمەڵایەتی و چۆنیەتیی ڕودانی". ئبن خەلدون وەکو یەکێک لە گەورەترین بیرمەندانی مێژو، چەندان تیۆری تایبەتی هەیە لەسەر چۆنیەتیی پەرەسەندن و داڕوخانی شارستانییەتەکان. ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات کە ئەو یاسایانەی کە ئیبن خەلدون لەسەر جوڵەکانی کۆمەڵگا دایناون، لە ڕوی فەلسەفییەوە بیانخاتە ڕو ... دەشیسەلمێنێت؛ کە ئەم تیۆرییانە لە سـەردەمی ئێسـتاشـدا بەکەڵک و بەسـودن...هەروەها دەیەوێت ببێتە هۆکارێک بۆ تێگەیشـتن لەو گۆڕانکاری و پەرەسەندنانەی لە کۆمەڵگادا ڕودەدەن.

**کێشەی توێژینەوەکە:**

کێشـەی هەرەسـەرەکیی ئەم توێژینەوە؛ بریتییە لەوەی؛ کە زۆربەی لێکۆڵینەوە ئاکادیمییەکان؛ تیۆری ئبن خەلدون لەسـەر گۆڕانی کۆمەڵایەتی وەکو بابەتێکی مێژویی سـەیر دەکەن، ئەمەش وایکروە؛ کە تەنها لە ڕوی وەسـفی مێژوییەوە کار و هزر و فەلسەفەی ئبن خەلدون بخرێتەڕو، بەڵام ئەو بنەما فەلسەفییانەی کە بنیاتی بیرکردنەوەی ئیبن خەلدون پێکدێنن لەسـەر گۆڕان و پەرەسـەندنە کۆمەڵایەتییەکان؛ کەمتر شـیکراونەتەوە. پرسـیاریش دەکرێت؛ ئایا ئەو یاسـا کۆمەڵایەتییانەی ئبن خەلدون باسی کردون، تەنها بۆ کۆمەڵگای عەرەبی ئەو سـەردەمە و ڕۆژگای ئەوسـا بون؟ یانیش بۆ هەمو کۆمەڵگا و سەردەم و ڕۆژگارێک بە کەڵک و بەرکارن؟ ئەمەش پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی قوڵ هەیە.

**گرنگیی توێژینەوەکە:**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە لە سـەرچاوەیەکی کۆنی عەرەبی-ئیسـلامی لە بواری فەلسـەفەی کۆمەڵایەتیدا دەکۆڵێتەوە و پەیوەنـدی نێوان "مێژو کۆمەڵگا و گۆڕانی کۆمەڵایەتی" لە دیـدی ئیبن خـەلـدونـدا دەخـاتـەڕو، ئەمەش دەبێتە بەشـدارییەکی بەنرخ لە تێگەیشـتنی باشـتر بۆ چەمکی "گۆڕانی کۆمەڵایەتی" لە کۆنتێکسـتی مێژوی ئیسـلامی و عەرەبیدا، لە چەندین ڕووەوە دەردەکەوێت. یەکەم، ئەم توێژینەوەیە یارمەتیمان دەدات؛ کە قوڵتر لە بیرکردنەوەی ئیبن خەلدون تێبگەین، وەکو فەیلەسوفێکی کۆمەڵایەتی نەک تەنها وەکو مێژونوسێک.

دووەم، لە سـەردەمێکدا کە کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت توشی گۆڕانی بەردەوام دەبن، تێگەیشـتن لە تیۆری ئبن خەلدون دەتوانێت تیشک بخاتەسەر ئەو پرۆسانەی کە ئێستا ڕودەدەن. سێیەم، ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات؛ ببێتە پردێک لەنێوان هزری کۆن و نوێ، و دەریشـیدەخات کە چۆن دەتوانین لە دید و تێزی بیرمەندانی خۆمان بەهرەمەند بین. چوارەم، لە ڕوی ئەکادیمییەوە، ئەم توێژینەوەیە؛ بەهایەکی مەعریفی نوێی هەیە.

**میتۆدی توێژینەوە:**

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی شیکاری بەکاردەهێنرێت، بۆ ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی دەقەکان تا بە مەبەستێکی ڕون و ئاشکرا بگەین. لە میتۆدی شیکاریشدا باس و پرسە ئاڵۆزەکان لێکهەڵدەوەشێنرێن تا دەگەین بە بنەمایەکی سادە و ڕون،

کە دیار و ئاشکرابێت، واتە بەپێیس ئەو میتۆدە پرس و کێشە ئاڵۆزەکان دوای تاوتوێکردنیان، ڕاڤەیان دەکەین دەیانگەڕێنینەوە بۆ سەر خاڵێکی سادە و ڕون. بە مەبەستی نەهێشتنی ناڕونی و ئاڵۆزی پرسەکان.

**پرسیاری توێژینەوە:**

ئایا چەمکی گۆڕانی کۆمەڵایەتی؛ چەمکێکی تازەیە یان ڕەگ و ڕیشـــەی مێژویی هەیە؟ ئەگەر چەمکەکە کۆنە؛ ئیبن خەلـدون؛ چۆن بـاسی چەمکی گۆڕانی کۆمەڵایەتی کردوە؟ ئەگەر بـاســـیکردوە؛ چوارچێوە هزرییەکەی چییە؟ ئەم توێژینەوە و بەشەکانی دیکە هەوڵ دەدن؛ وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە؟

**پلانی توێژینەوە:**

هەروەک باسـمان کرد؛ ئەو بەشـە؛ بەشـێکە لە لێکۆڵینەوەیەکی زانسـتی دەربارەی "فەلسـەفەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە هزری ئیبن خەلدوندا" بۆیە لە دەروازەیەک و سێ باس پێکدێت:

**دینامیکییەتی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە فەلسەفەی (ئیبن خەلدون)دا**

**دەروازە:** ئەم دو بڕگەی خوارەوە لەخۆدەگرێت:

پێناسەی چەمکی گوڕانی کۆمەڵایەتی

پوختەیەک لە ژیاننامەی "ئیبن خەلدون"

**باسی یەکەم: گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە نێوان قۆناغەکانی "پێش و پاش" شارنشینیدا. ئەم باسەش دو تەوەرە لەخۆدەگرێت:**

**تەوەرەی یەکەم:** قۆناغی کۆچەری: پێش شارنشینی

**تەوەرەی دوەم:** قۆناغی شارنشینی و گۆڕانی کۆمەڵایەتی لەبیرکردنەوەی ئیبن خەلدوندا

**باسی دوەم: حەتمیەتی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە هزری ئیبن خەلدوندا، ئەم باسەش دو تەوەرە لەخۆ دەگرێت:**

**تەوەرەی یەکەم:** هۆکارە جوگرافی و ژینگەییەکان:

**تەوەرەی دوەم:** هۆکارە ئابورییەکان

**تەوەرەی سێیەم:** تەمەنی بایەلۆژی دەوڵەت و قەوارە و دامەزراوە سیاسیەکان

**باسی سێیەم: کاریگەری ڕەفتارەکانی تاک و کۆمەڵ لەسەر گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە هزری ئیبن خەلدوندا**

**دەروازە.**

**یەکەم: پێناسەی چەمکی گۆڕانی کۆمەڵایەتی:**

بەپێی دابونەریتی زانایان؛ هەمو وشـــە و دەســـتەواژەیەکی لێکدراو؛ ســـەرەتا پێویســـتە پێناســـەی هەمو یەکە و وشـەکانی بکرێت، ئینجا پێناسـەی چەمکەکە بکرێت، بەڵام لەبەر ڕونی واتای هەردو وشـەی "گۆڕان" و "کۆمەڵایەتی" ناچینە نێو ئەو وردەکارییە و چوارچێوەی توێژینەوەش بە شـتی سـەلمێنراو درێژناکەینەوە. **گۆڕانی کۆمەڵایەتی** واتە: هەمو ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە کۆمەڵگادا ڕودەدەن و کاریگەری لەسـەر ژیانی خەڵک دادەنێن. گۆڕانی کۆمەڵایەتی بە هەمو ئەو

گۆڕانکارییانە دەگوترێت لە چوارچێوەی (بەها، نەریت، دابونەریت، دامەزراوەکان، پێگە و ڕۆڵی کۆمەڵایەتی، شـێوازی ژیانکردن...)دا ڕوودەدات. (الربيعي، ٢٠٢٠، ١٩).

**دووەم: پوختەیەک لە ژیاننامەی ئیبن خەلدون:**

**ساڵی لەدایکبون:** ١٣٣٢ز (٧٣٢ک)

**نیشتیمان:** تونس - لە خێزانێکی عەرەبی ئەندەلوسی بوە. (عنان،١٩٣٣، ١٠٤).

**بەرهەمە سەرەکییەکان:**

- المقدمة (پێشەکی) بەرهەمە نێودەوڵەتییەکەی لە بواری فەلسەفەی مێژو و کۆمەڵایەتی

- کتاب العبر - مێژوی گەورەی عەرەب، عەجەم و بەربەر

- شرح قصيدة البردة - لە بواری ئەدەبیاتدا(حسين، ١٩٣٥، ٢٤).

**ئاراستەی هزری:**

دامەزرێنەر و فەیلەسوفی زانستەکانی کۆمەڵناسی و فەلسەفەی مێژوە یەکەمین کەس بوە، کە مێژوی بەشێوەیەکی زانسـتی شـیکردۆتەوە و تیۆری (العصـبية -دەمارگیری) (هێزی کۆمەڵایەتی)ی داناوە و باسی گۆڕانکاری و پەرەسـەندنە شـارسـتانییەتەکان دەکات. هەروەها کتێبی "المقدمة"ئیبن خەلدون بە یەکێک لە شـەش کتێبە پسـپۆڕییەکانی بواری کۆمەڵناسی گشتی دادەنرێت(وەردی، ٢٠٢١، ١٧).

**پیشەکان:** قازی، فیقیە، نوسەر، سیاسەتمەدار

**ساڵی کۆچی دوایی:** ١٤٠٦ز (٨٠٨ک) لە میسر

ئیبن خەلدون وەک باوکی زانســتی کۆمەڵناسی ناسراوە و کاریگەریی لەســەر بیرمەندانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات هەبوە (الحصري، ٢٠٢١، ١٦١-٢٢٢-٢٢٣).

**باسی یەکەم: گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە نێوان قۆناغەکانی "پێش و پاش" شارنشینیدا:**

بەرلەوەی بچینە سـەر شـیکردنەوە و باسـکردنی بڕگە و بابەتەکانی ئەو بەشـە، بە پێویسـتی دەزانم ئاماژە بە ڕاسـتییەکی زانستی بکەم. ئیبن خەلدون پێیوایە کە **"گۆڕان کۆمەڵایەتی"** هەڵبژاردن نییە، بەڵکو پێویستییەکی مێژویی و حەتمییە.

ئیبن خەلدون بەوە لە فەیلەسـوف و کۆمەڵناسـانی دیکە؛ جیادەکرێتەوە؛ کە پێوەرێکی یەکگرتو و تاک ڕەهەندی بۆ **"گۆڕانی کۆمەڵایەتی"** دانەناوە. لە کاتێکدا زۆربەی بیرمەندانی دیکە تەنها لە یەک گۆشـــەوە یان بە یەک پێوەر؛ ئەم بابەتەیان شـــیکردۆتەوە، ئیبن خەلدون لە گۆشـــەی جیاوازەوە شرۆڤەی بابەتی **"گۆڕانی کۆمەڵایەتی"** کردوە. ئەو بە شێوەیەکی سیستەماتیک هەمو ئەو هۆکارانەی کە کاریگەرن لەسەر **"گۆڕینی کۆمەڵایەتی"** هەیە لە چەند چوارچێوەیەکی تیۆریدا کۆکردۆتەوە. بۆیە هەوڵدەدەین ئەم بەشە دابەشبکەینە سەر چەند باس و تەوەرەیەک:

هەروەك لە باس و تەوەرەکانی پێشـودا؛ باسـمان کرد؛ ئیبن خەلدون بە یەک شـێوە؛ باسی **"گۆڕانی کۆمەڵایەتی"** نەکردوە، بەڵکو لە زۆر لاو و گۆشـەنیگای جیاوازەوە؛ شرۆڤەی ئەو گۆڕانکاری و پێشکەوتنە کۆمەڵایەتییانەی کردوە کە

بەســـەر کۆمەڵگادا دێن، یەکێک لەو گۆشـــانەش بریتییە؛ لە پۆلێنکردنی جۆری ژیان بۆ هەر دو قۆناغی **"پێش و پاش"** شـــارنشـــینی، ئێمەش هەوڵدەدەین لە میانەی ئەم باســـە و بە دو تەوەرە؛ باس لە هەر دو قۆناغەکە تایبەمەندی و کاریگەرییەکانیان بۆ سەر **"گۆڕانی کۆمەڵایەتی"** بکەین.

### تەوەرەی یەکەم: قۆناغی کۆچەری: (پێش شارنشینی)

### پێناسەکردنی سروشتی (قۆناغی یەکەم – پێش شارنشینی)

ئیبن خەلدون قۆناغی پێش شارنشینی بە **"کۆچەری"** وەسفدەکات. **بەپێی دیدی خەلدونی؛** قۆناغی کۆچەری بەو قۆناغە دەگوترێت: کە مرۆڤ لە ژینگەیەکی سروشتی سادەدا دەژێت و پشت بە شوانکاری و کۆچکردن دەبەستێت، هەروەها وابەستەی سادەییە و پشت بە دەمارگیری و پەیوەندی هۆزایەتی دەبەستێت. هەروەک خۆی لە بابی دوەمی (المقدیمة) لە ســـەرەتایی بەشی یەکەمی بابەکەدا؛ دەڵێت: **"بارودۆخ و هەلومەرجی نەوە یەك لە دوای یەکەکان؛ جیاوازی و گۆڕانکاری بەسەدا دێت؛ بەپێی جۆر و شێوازی ژیانکردنیان"** (ابن خلدون، ۲۰۰۵، ۹۷).

**ئیبن خەلدون؛** وشـــە و دەســـتەواژەی "بەدەوی" بۆ قۆناغی کۆچەری بەکاردێنێت، ئێمەش هەوڵدەدەین؛ کورتەیەك لەمەڕ دەستەواژەکە بخەینەڕو:

### وشەی "بەدەوی"(کۆچەری)

کتومت ئیبن خەلدون وشەی "بەدەوی" بۆ قۆناغی پێش شارنشینی بەکاردێنێت. ئەم وشەیەش «ناوە» و دراوەتە پاڵ وشـــەی «بدو»، ئەویش بە واتای هەر کارێک دێت کە لە دەشـــت و ناوچەکانی دەرەوەی شـــار ئەنجام بدرێت، ســـادەتر بڵێین: بە هەر کارێک دەگوترێت کە سروشـــتی شـــارســـتانییەتی تێدا نەبێت، هەڵبەتە ئەم جۆرە کارانەش لە دەرەوەی شارەکان ئەنجام دەدرێن، جیاوازیش نییە لە گوند و ناوچە شاخاوییەکاندا یان لە دەشت و ناوچە بیابانییەکاندا ئەنجام بدرێن، کەواتە: واتای «بەدەوی» پێچەوانەی واتای «حضـــری»یە.» هەرچەندە بەپێی دیدی ئیبن خەلدون، قۆنـاغی «بەدەوی» لەپێش قۆنـاغی «حضـــری»یە، بەڵام لەبەرئەوەی واتـای پێچەوانەی وشـــە و دەســـتەواژەی «حضری»مان بۆ واتای دەستەواژەی «بەدەوی» هەڵبژاردبو. کەواتە: هەر کاتێک لە میانەی ئەم لێکۆڵینەوەیەماندا ئەو وشە و دەستەواژەی خوارەوەمان بەکارهێنا (گوندنشین، شاخاوی، پیش شارنشین)، مەبەست لێی پێچەوانەی قۆناغی شارستانییەتە (محمود، ۲۰۲۲، ٤٨).

### تایبەتمەندیەکانی قۆناغی کۆچەری

یەکەم: یەکێک لە هەرە تایبەتمەندییەکانی قۆناغی کۆچەری بریتییە لە سادەیی و زێدەڕۆیی نەکردن و تەرکیز خستنەسەر پێداویســـتییە بنەڕەتییەکان، هەروەک خۆی لە بەشی دوەمی باسی دوەمدا دەڵێت: (کۆچەرییەکان ژیانێکی ســـادە و ساکاریان هەیە و سەرقاڵی کاری کشتوکاڵی و بەخێوکردنی مەڕ و ماڵاتن و تەنها تەرکیزیان لەسەر پێداویستییە بنەڕەکانی خواردن و پۆشاک و شوێنی حەوانەوەیە (ابن خلدون، ۲۰۰۵، ۹۸).

دوەم: یەکێکی تر لە سروشـــت و تایبەتمەندییەکانی قۆناغی کۆچەری؛ بریتییە لە پێشـــمەرج بۆ بونی ئەم قۆناغە بۆ پەڕینەوە بۆ قۆناغی "شـــارنشـــینی"، چونکە بەپێی دیدی خەلدونی؛ قۆناغی کۆچەری؛ قۆناغی ســـەرەتا و لەپێشـــینەیە، هەروەک خۆی دەڵێت: (قۆناغی کۆچەری ئەسڵە و دەکەوێتە پێش شارنشینی و شارسازی)(ابن خلدون، ۲۰۰۵، ۹۹).

دەشـــڵێت "هەندێک جار بە هۆی کۆمەڵێک بارودۆخ و فشـــاری ئەندامانی خێزانەکانیان، هەندێک لە خانەوادە دەشتەکی و گوندنشینەکان، (خوتخوتە) و کەڵکەڵەی چونە شاریان دێتە کەلـــەوە، بەڵام بە هۆی گرانی و مەسرەف زۆریی شارەکان، جگەلە کەسە دەوڵەمەندەکانیان، بەئاسانی ناتوانن لە شارەکاندا نیشتەجێببن".

سـێیەم: هەروەها بەپێی دیدی خەلدونی؛ قۆناغی کۆچەری بە "زبری و جیری" لە قۆناغی شـارنشـینی؛ جیادەکرێتەوە. هەروەک دەڵێت: (زبری قۆناغی کۆچەری دەکەوێتە پێش قۆناغی شارنشینی، هەر بۆیە دەبینین؛ کە گەیشتن بە قۆناغی شارنشینی؛ ئامانج و ئاواتی کۆچەرییەکانە)(ابن خلدون، ٢٠٠٥، ٩٩).

چوارەم: هەر بەپێی دیدی خەلدونی؛ کۆچەرییەکان لە خەڵکی شـار زیاتر خێرۆمەند و چاکەخوازن، لەمبارەیەوە دەڵێت: هۆکاری نزیکبونی خەڵکی کۆچەری لە چـاکە و خێر، دەگەڕێتەوە بۆ فیترەت و بیرکردنەوەی ســەرەتـایی؛ کە مرۆڤ ئامادەترە بۆ قبوڵکردنی چاکە و ڕەتکردنەوەی خراپە(ابن خلدون، ٢٠٠٥، ٩٩).

هەروەک پێغەمبەری خوداش (د.خ) دەفەرموێت: (ما من مولود إلا یولد علی الفطرة، فأبواه یهودانه أو ینصرانه، أو یمجسانه)، (بوخاری ژمارە١٣١٩، موسلیم، ژمارە٢٠٤٩).

### سەرنج؛ ژیان و گوزەرانی هەرێم و ناوچە پەرگیرەکان:

"ئیبن خەلدون" قسـە لەسـەر بارودۆخ و گوزەرانی هەندێک ناوچەی سـەر سـنور و دورە دەسـتەکان دەکات و بە "الاقطار" ناویان دەبات. هەڵبەتە دەستەواژەی "الاقطار" کۆی دەستەواژەی "القطر"ە. ئەمیش بە واتای لایەک، یان ئاراســتەیەک لە ئاراســتەکان دێت، مەبەســتی "ئیبن خەلدون" لەم دەســتەواژەیە هەمو ئەو هەرێم و ناوچانەیە کە دەکەونە ئاراستەیەکی زەوی. (ئیبن خەلدون، ١٩٨١، ٤٥٧/١)

ســەبارەت بە گەشــەی ئەو ناوچانەش، "ئیبن خەلدون" دەڵێت: "هەمو ئەو زانیاری و هاوکێشــانەی لەســەر دەســەڵاتی ناوەند و شــارە گەورەکان خراونەتەڕو، بە هەمان شــێوە بەســەر ئەم ناوچانەشــدا جێبەجێدەبن و دۆخی ئەوانیش بەپێی ڕادە و ڕێژەی ئاوەدانیی ناوچەکانیان گۆڕانی بەســەردا دێت و داهاتی تاک و کۆمەڵ و بوژاندنەوەی کۆمەڵگاش پەیوەستە بە کەمی و زۆریی ڕێژەی ئاوەدانییەکە". (ئیبن خەلدون، ١٩٨١، ٤٥٧/١)

هەروەهـا چەنـد نمونە و بەڵگەیەکی مێژوییش لەم بـارەیەوە دەخـاتەڕو، هەروەک هەمو ئەو بۆچونـانەش ڕەتدەکاتەوە کە پێیانوایە گەشەسەندویی ئەو جۆرە ناوچانە پەیوەستە بە هەندێک هۆکاری ژینگەیی و جۆری داهاتی ژێر زەوییان، بەڵکو هۆکاری ســەرەکی و بنەڕەتی بریتییەلە: ڕێژەی ئاوەدانی و هێز و هەلی کاری کۆمەڵگا، بێگومان هەمو ئەمانەش بە جوڵە و هێزی بیرکردنەوەی مرۆڤ و کۆمەڵەوە پەیوەستن. (ئیبن خەلدون، ١٩٨١، ٤٥٧/١)

کەواتە؛ ئیبن خەلدون قۆناغی کۆچەری وەک یەکەم قۆناغی گەشـەی کۆمەڵایەتی مرۆڤ دیاری دەکات، پێشـیوایە؛ کە ئەم قۆناغە بە سادەیی جۆری ژیانکردن و پیشەکانی شوانکاری و کشتوکاڵی؛ دەناسرێتەوە، هەروەك دەقیش لەسەرئەوە دەدات؛ کە قۆناغی کۆچەری و پشت بە پەیوەندی هۆزایەتی و دەمارگیری دەبەستێت و تەرکیزی لەسـەر پێداویسـتییە بنەڕەتییەکانی وەک "خواردن، پۆشـاک و شـوێنی نیشـتەجێبون"ە. بەپێی دیدی خەلدونی، ئەم قۆناغە بنەمای قۆناغی شــارنشــینی پێکدەهێنێت. بەواتاییەکی تر مەبەســتی ئیبن خەلـدون دەشـــتەکیەتی وەک ســەرچاوە و لانکەی شارستانیەتە(ئیبن خەلدون، ٢٠٢٤، ٣٤٧).

ئیبن خەلدون باوەڕی وایە کە خەڵکی کۆچەری لە ڕوی ئاکاری و سروشـــتییەوە پاکتر و چاکەخوازترن لە خەڵکی شار، چونکە نزیکتربون لە فیترەتی سەرەتایی مرۆڤ و دورکەوتونەتەوە لە گەندەڵی و ناسازییەکانی شارنشینی. ئەم تیۆرە گرنگی تایبەتی هەیە لە تێگەیشتنی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی، چونکە وەک قۆناغێکی پێشەکی بۆ گەشەی شارستانییەت و دامەزراندنی حکومڕانی سیاسی دادەنرێت.(محمود، ٢٠٢٢، ١١٩-١٢٠).

**تەوەرەی دوەم: قۆناغی شارنشینی و گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە بیرکردنەوەی ئیبن خەلدوندا:**

هەوڵدەدەین ئەم تەوەرە دابەش بکەینە سەر ئەم خاڵانەی خوارەوە:

پێناسەی قۆناغی شارنشینی لە هزری خەلدونیدا.

تایبەتمەندی و سروشتی قۆناغی شارنشینی لە هزری خەلدونیدا

پەیوەندی قۆناغی شارنشینی بە چەمکی "گۆڕانی کۆمەڵایەتی.

**یەکەم: پێناسەی قۆناغی شارنشینی لە هزری خەلدونیدا.**

لە هزری خەلدونیدا؛ چەمکی **"شـــارنشـــینی"** نەک تەنها بە شـــارەکان یان کۆمەڵە گەورەکان ناگوترێت، بەڵکو دەپەڕێتەوە بۆ شـــێوازێکی تایبەتی ژیانی کۆمەڵایەتی و کلتوری جیاواز لە شـــێوازی **"کۆچەرایەتی"...** ئیبن خەلدون "شـــارنشـــینی" بەمشـــێوەیەی خوارەوە پێناســـە دەکات: "حاڵەتێکە لە حاڵەتەکانی ئاوەدانی کە تایبەتمەندی بە خۆشگوزەرانی و تەواوی ژیان و پیشە پێشکەوتوەکان و زانست و پیشەسازی پێشکەوتو و زۆری بینا و هەمەجۆری شارسازی و ڕێگاکانی بەدەستهێنانی بژێوی دەدات، هەروەها پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەرەو ئاڵۆزی دەبات" (ابن خلدون،٢٠٠٥، ١٣٨).

**کەواتە؛** قۆناغی **"شـارنشـینی"** لە دوای قۆناغی **"کۆچەرایەتی"** دێت، کە تێیدا گواستنەوە لە سادەیی و سەختی ژیانەوە بۆ دەوڵەمەندی و جوانکاری لە ڕێگاکانی ژیان ڕودەدات. لەژێر ڕۆشـــنایی ئەم پێناســـەیەدا دەتوانین؛ بڵێین: کە شـارنشـینی ئەنجامی کۆکردنەوەی سـامان و دەسـەڵات و ئەزمونی قۆناغی پێش شـارنشـینییە. ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبونی کۆمەڵگایەکی ئاڵۆزتر و پێشکەوتوتر و هاتنە کایەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی(الساعاتي،١٩٧٢، ٦٥).

**دوەم: تایبەتمەندی و سروشتی قۆناغی شارنشینی:**

قۆناغی **"شـارنشـینی"** بە کۆمەڵێک تایبەتمەندی و نیشـانەی جیاواز؛ لە قۆناغی **"کۆچەرایەتی"** جیادەکرێتەوە، ئەمانەش سروشتی ئەم قۆناغە دروست دەکەن و ئاراستەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی تێیدا دیاری دەکەن:

**١.جۆری ژیان و خۆشـگوزەرانی:** لە گرنگترین سـیماکانی **"شـارنشـینی"** بڵاوبونەوەی خۆشـگوزەرانی و خۆنمایشـکردن و زۆری کاڵا و خزمەتگوزارییە ناپێویستەکانە. ئەم خۆشگوزەرانییەش تەنها لە شتە مادییەکان کورت نابنەوە، بەڵکو درێژە دەکێشـێت بۆ جوانکاری لە خواردن و خواردنەوە و جلوبەرگ و دروســتکردنی باڵەخانەی گرانبەها و جوانکاری لە شێوازەکانی ژیاندا (ابن خلدون،٢٠٠٥، ١١٣).

**٢-گەشەی پیشەسازی و زانست:** لەگەڵ گەشەی ئاوەدانی و زیادبونی پێویستی بۆشتە ناپێویستەکان، پیشەسازییەکان گەشە دەکەن و پیشە نوێیەکان دەردەکەون کە تایبەتمەندن بە وردبینی و بەجێهێنانی باش. هەروەها زانست و هونەر

و ئەدەبیات گەشـــە دەکەن و قوتابخانە و کتێبخانەکان دروســـتدەکرێن، و خەڵک خەریک دەبن بە زانســـتە عەقڵی و نەقڵییەکان (جغلول، ١٩٨١)

**٣- ئاڵۆزی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان:** پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە شـــارنشـــینیدا زیاتر ئاڵۆز و جۆراوجۆر دەبن. چینە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان دەردەکەون، و پەیوەندییە هۆزایەتی و عەســـەبییە بەهێزەکان کە لە کۆچەرایەتیدا بڵاوبونەوە لاواز دەبن، بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی بەرژەوەندی ئابوری و ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان جێگەیان بگرنەوە (ابن خلدون،٢٠٠٥، ١٢٣-١٢٤).

٤- **لاوازی عەسـەبییەت (هاوبەشی هۆزایەتی):** بەپێی دیدی خەلدونی؛ خۆشگوزەرانی و شارستانی دەبێتە هۆی لاوازی دەمارگیری و هاووڵاتیان بۆ پاراســـتنی ئاســـایش و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان؛ زیاتر پشـــت بە دەوڵەت دەبەســـتن (العطاس، ٢٠٢١، ٥٨)

٥- **مەیل بۆ خۆشـــگوزەرانی و ئاســـودەیی:** خۆشـــگوزەرانی و تەواوی ژیان دەبێتە هۆی ئارەزوی خەڵک بۆ ئاســـودەیی و تەمبەڵی، و دورکەوتنەوە لە ســـەختی و ڕەقی کە ســـیمای خەڵکی کۆچەرایەتی بو. ئەم گۆڕانە لە تەبیعەتدا بوێری و پاڵەوانیەتی لاواز دەکات، و کۆمەڵگا کەمتر توانای بەرگریکردنی لە خۆی دەبێت(ابن خلدون،٢٠٠٥، ١٣٤).

٦**-زیادبونی باج و سەرانە**: لەگەڵ گەشەی ئاوەدانی و زیادبونی خەرجی دەوڵەت لەسەر خۆشگوزەرانی و دەست بڵاوی، دەوڵەت هەوڵدەدات؛ باج و سەرانە لەسەر هاووڵاتیان زیاد بکات. ئەمە بارە ئابورییەکان زیاددەکات و کاریگەری نەرێنی هەیە لەسەر چالاکی ئابوری، ئەمەش هۆکار دەبێت بۆ لاوازکردن و کەمکردنەوەی ئاوەدانی.

٧**- دارمانی ئاکاری:** بەپێی دیدی خەلدونی؛ زۆر جار خۆشـــگوزەرانی دەبێتە هۆی دارمانی ئاکاری و کاڵبونەوەی بەها و ئاکار و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان. (إبراهيم،٢٠١٠، ٢٧٣)

ســـەرەڕای ســـودەکانی پەرینەوە بۆ قۆناغی شـــارنشـــینی؛ ئیبن خەلدون؛ باس لە کاڵبونەوە و دارمانی چەند بەها و ئاکارێک و گۆڕینی نۆرم و ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان دەکات.

١-لاوازی عەسەبییەت: خۆشگوزەرانی زیادەڕۆیی؛ پەیوەندی نێوان ئەندامانی کۆمەڵگا لاواز دەکات.

٢-زیادکردنی باج: کۆسپ و بارگرانی ئابوری هەوڵ و چالاکی تاکەکەسی کەمدەکاتەوە.

٣-پشتبەستن بە دەوڵەت: لە دەستدانی توانای بەرگری لە خۆکردن و پشت بە خۆبەستن.

سەرباری تێبنی و لێکەوتەکانی سەرەوە، بەڵام بەپێی دیدی خلدونی؛ قۆناغی شارنشینی؛ لە چەند ڕوییێکەوە بەرهەمی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتییە:

١- ڕێکخستنی کاروبارەکانی دەوڵەت و حوکمڕانی.

٢- گەشەی پیشەسازی و ئابوری.

٣- پێشکەوتنی زانستی و کولتوری.

٤- جۆراوجۆری شێوازەکانی ژیان کردن.

### سێیەم: پەیوەندی قۆناغی شارنشینی بە گۆڕانی کۆمەڵایەتییەوە

### پەیوەندی نێوان قۆناغی شارنشینی و چەمکی تیۆری گۆڕانی کۆمەڵایەتی:

بە تێگەیشتن لە لە تیۆری ئیبن خەلدون دەربارەی قۆناغی شارنشینی؛ دەتوانین؛ بنەما و هێڵە گشتییەکانی چەمکی "گۆڕانی کۆمەڵایەتی" لەم قۆناغە هەڵگۆزین. تیۆری ئیبن خەلدون بۆ "قۆناغی شارنشینی" چەند نیشانە و ئاماژەیێکمان پێدەدات دەبارەی "گۆڕانی کۆمەڵایەتی". ئەم تیۆرە دەریدەخات لە قۆناغی شارنشینیدا؛ سەرەڕای نیشانەکانی پێشکەوتن و پەرەسەندنە کۆمەڵایەتییەکان؛ نیشانە و ئاماژەکانی دارمان و کاڵبونەوەی بەهاکان و دواکەتویی کۆمەڵایەتی هەستی پێدەکرێت. ئەم دیدگایەش تا ئەمڕۆش بەرکارە و دەتوانین؛ بۆ شیکردنەوەی هەڵکشان و داکشانی شارستانییەتەکان؛ سودی لێ وەربگرین(الحافظ، ٢٠٠٥، ١٢٠).

### بەگەڕخستنی کردەیی و سەردەمی تیۆری ئیبن خەلدون دەربارەی هەر دو قۆناغی "پێش و پاش" شارنشینی:

لە ڕۆژگاری ئێستادا؛ دەتوانین بۆ ئەم ئەرک ڕۆڵانەی خوارەوە سود لە دید و تێڕوانینەکانی ئیبن خەلدون وەربگرین:

١- لێکۆڵینەوە لە تایبەتمەندی و گەشەی شارنشینی مۆدێرن.

٢- تێگەیشتن لە ئاڵۆزییەکانی گەشەی ئابوری.

٣- خۆپارێزی و دورکەوتنەوە لە مەترسییەکانی بە هەدەردان و زیادەڕۆیی ئابوری.

٤- ڕێکخستنی پۆلێنێکی زانستی بۆ بابەتەکانی گەشە و گەورەبونی ئاوەدانییەکان و گەشەی شارسازی.

### باسی دوەم: فەلسەفەی حەتمییەتی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە دیدی ئیبن خەلدوندا

هەروەک لە پێشەوە باسمانکردوە؛ کە ئیبن خەلدون یەکێکە لە دیارترین فەیلەسوفان و بیرمەندانی کۆمەڵناسی؛ کە خاوەنی بینینێکی قوڵە دەربارەی سروشت و دینامیکییەتی کۆمەڵگای مرۆیی، جیاوازی ئیبن خەلدون لەوەدایە؛ هەوڵی داوە؛ بناغە و بنەماکانی زانستی "ئاوەدانیی مرۆیی" دابمەزرێنێت، هەروەها یاساگەلێکی داناوە بۆ لێکدانەوەی یاساکانی " بون و گەشەکردن و ڕوخانی کۆمەڵگا" گۆڕانی کۆمەڵایەتی لای ئیبن خەلدون تەنها دیاردەیەکی لاوەکی نەبوە، بەڵکو پرۆسەیەکی حەتمی بوە کە بە کۆمەڵێک هۆکار و یاسا گرێدراوە و خراوەتە نێو گەلێک یاسا و چوارچێوەی ورد و ڕێکخراو... فەلسەفەی حەتمییەتی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لای ئین خەلدون لەسەر ئەو تێگەیشتنە دامەزراوە؛ کە "ئاوەدانی مرۆیی" لەسەر یەک ئاست نامێنێتەوە، بەڵکو لە جوڵەیەکی بەردەوام و لێکنەدراودایە بەرەو گۆڕان و گواستنەوە دەڕوات.( وەردی،٢٠١٩، ١٢٧).

هەوڵدەدەین لەمیانەی ئەم باسەدا؛ لێکۆڵینەوە لە گرنگترین ئەو هۆکارانە بکەین؛ کە ئیبن خەلدون پێیوایە "گۆڕانی کۆمەڵایەتی" حەتمی دەکەن. ئیبن خەلدون ئاماژەی بە کۆمەڵە هۆکارێکی تێکهەڵکێش کردوە کە بەشێوەیەکی یەکگرتو کاردەکەنە سەر سوڕی "چەرخی گۆڕانی کۆمەڵایەتی".

### ئەم هۆکارانەش بۆ چەند تەوەرەیەکی سەرەکی پۆلێن دەکەین:

### تەوەرەی یەکەم: هۆکارە جوگرافی و ژینگەییەکان:

ئیبن خەلدون پێیوایە کە ژینگەی جوگرافی کاریگەرییەکی زۆری هەیە لە سەر دیاریکردنی سروشتی ئاوەدانی و شێوازی ژیانی مرۆڤ... کەواتە؛ بەپێی دیدی خەلدونی؛ کەشوهەوا و سەرچاوە سروشتییەکان و جۆری خاک و جوگرافیای گوند و شارەکان؛ هۆکارن بۆ ڕودانی پرۆسەی دینامیکییەتی گۆڕانی کۆمەڵایەتی(وەردی،٢٠١٩، ٢٥٦-٢٥٨).

## جیاوازیی خورەوشت و باروگوزەران و کاریگەری جیاوازیی کەشوهەوا:

ئیبن خەلدون دوابەدوای پۆلینکردنی ناوچە و هەرێمە جیاوازەکانی جیهان، بەپێی کەشوهەوا و ساردی و گەرمیان، دێتە سەر باسکردنی ژیان و گوزەرانی دانیشتوانی هەر یەکێک لەم هەرێمانە و لەم بارەیەشەوە دەڵێت: «دانیشتوانی هەرێمە ناهاوسەنگەکان لە هەمو ڕویەکەوە ناهاوسەنگن، لە ڕوی کۆمەڵایەتی و جۆری ژیانیان تاڕادەیەکی بەرچاو دوچاری لادان بونەتەوە، بۆ نمونە: خانوەکانیان لە قوڕ و قامیشە و خواردنیشیان لە گژوگیایە و پۆشاکیشیان لە گەڵای دارەکانە، تەنانەت میوەکانیشیان لە میوەی ناوچەکانی تر ناچێت(محمود، ٢٠٢٢، ٣٩).

هەروەها ئیبن خەلدون لەمەش زیاتر دەڵێت و پێیوایە: «سەرەڕای لادانە کۆمەڵایەتییەکانیشیان، بە هەمان شێوە لە بواری دینداریشیدا لاواز و بێدینن.» هەر لەم میانەشدا ئاماژە بە هەندێک هەوڵی کەمی مێژوی لەم بوارەدا دەکات و باس لە حەبەشەکانی هاوسێی یەمەن دەکات، کە بەر لە هاتنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام؛ مەسیحی بون، هەروەها باسیش لە دانیشتوانی ناوچەکانی «مالی و تەکرور» دەکات و دەڵێت: «بۆ هۆی هاوسێیەتیان لەگەڵ وڵاتی مەغریب، هاتونەتە نێو چوارچێوەی ئیسلام.» هەمو ئەو دید و بۆچونانەش؛ ئاماژە بە دینامکییەتی چەمکی "گۆڕانی کۆمەڵایەتی" دەکەن(ئیبن خەلدون، ٢٠٢٤، ٢٦٩).

ئیبن خەلدون هەر لە میانەی باسوخواسەکانی لە باری کاریگەریەکانی کەشوهەوا، دەچێتە سەر باسکردنی هۆکاری سەرەکی جیاوای ڕەنگی پێستی ئادەمیزادەکان و هەمو ئەو چیرۆک و ئەفسانانەش ڕەتدەکاتەوە لەم بوارەدا داتاشراون(ابن خلدون، ٢٠٠٥، ٦٧).

هەر بەپێی دیدی خەلدونی؛ شێوازی ژیان کردنی کۆمەڵگاکانیش دەگۆڕێت بەپێی شوێنی نیشتەجێبونیان، پێیوایە؛ کە ئەوانەی لە بیابانەکاندا دەژین؛ لە ڕوی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و نەریتەکانیان؛ جیاوازن لەو کۆمەڵگایانەی کە لە زەویە کشتوکاڵیی و بەپیتەکان و ناوچە کەناراوەکاندا دەژین (ابن خلدون، ٢٠٠٥، ٧٠)

ئیبن خەلدون پێیوایە؛ چالاکیی ئابوری هاووڵاتیانیش دەگۆڕێت بەپێی ژینگە و شوێنی نیشتەجێبونیان. دانیشتوانی گوند و دەشتەکان و ناوچەکانی دەرەوەی شار؛ سەرقاڵی پیشە و کارەکانی (کشتوکاڵی و شوانکارەیی، کۆمەڵێک پیشەی هاوشێوەن) بەڵام بە پێچەوانەوە؛ پیشە و چالاکی ئابوری زاڵی دانیشتوانی شارەکان جیاواز و هەمەچەشنن(ابن خلدون، ٢٠٠٥، ٧١-٧٤).

ئیبن خەلدون باس لە کاریگەرییەکانی کەشوهەوا لەسەرجۆرو شێوازی بیرکردنەوە و ڕەفتاری مرۆڤەکان دەکات و نمونەش بە هەڵسوکەوت و ئاکاری ڕەشپێستەکانی ناوچەی ئەفریقا دێنێتەوە، لەم بارەیەشەوە دەڵێت: دانیشتوانی ئەو ناوچانە بەهۆی بەرزی پلەی گەرماوە بە عەقڵ سوک ناویان دەبات پێیوایە سروشتی دڵخۆشیان لە سروشتی ئاژەڵیەکانەوە نزیکە، بە پێچەوانەشەوە دڵتەنگی وخۆخواردنەوە لە سروشت و تەبیعەتی مرۆڤ نزیکە(ئیبن خەلدون، ١٩٨١، ١٠٣/١).

بە تێڕوانینی ئیبن خەلدون کەشوهەوای گەرم وا لە مرۆڤ دەکات لە شێوەی سەرخۆشێک هەڵسوکەوت بکات، کە مرۆڤ لە دۆخی ئاساییدا ئەنجامی نادات، پێیوایە ئەو کەسانەی لە ناوچە گەرمەکان دەژین کەسانی دەمارگیرن، ئەو کەسانەی لە ناوچە ساردو فێنکەکانیش دەژیین کەسانی ئارام و لەسەرخۆن.

ئیبن خەلدون لەپاڵ باسکردنی کاریگەرییەکانی کەشوهەوا لەسەر ڕەفتارەکانی مرۆڤ، باس لە کاریگەرییەکانی سیستەم و جۆری خۆراک دەکات لەسەر تەندروستی وهەڵسوکەوتی مرۆڤ. دەڵێت زۆر خواردن کاریگەری خراپ لەسەر تەندروستی مرۆڤ دروست دەکات، هەروەها کاریگەری لەسەر جۆری بیرکردنەوەو زیرەکی مرۆڤیش دادەنێت.

هەر لەبارەی زیانەکانی زۆر خواردن بەراورد لە نێوان ئاژەڵیماڵی و کێویدا دەکات کە هەردوکیان هاوشێوەی یەکترن، بەڵام شێوەی ژیان و سیستمی خۆراکیان جیاوازە. لەم بارەیەشەوە باس لە بارودۆخی (بەربەر)ەکان دەکات و دەڵێت: بە بەراورد بە هەندێ گەل و نەتەوەی هاوسەردەمی خۆیان، لە خۆشگوزەرانیدا بون، بەڵام ئاستی بیرکردنەوەیان لە خوار بیرکردنەوەی ئەواندا بو. هەر لەم بارەیەوە ئیبن خەلدون ئەو کەسانەی زۆر خۆرن کاتێک دوچاری برسیەتی دەبنەوە ڕادەی خۆڕاگریان کەمترە لە کەسانی کەمخۆر، لەکاتێکدا کە دوچاری برسییەتییکی کتوپڕ دەبنەوە، کە ئەمەش کاریگەری لە سەر ڕەفتاری تاک دروست دەکات((ابن خلدون، ٢٠٠٥، ٦٧-٦٩).

یەکێک لە ڕەخنە زۆر دیارەکان کە لە دیدی خەلدونی دەگیرێت، بریتییە لە: فەلسەفەی حەتمیەتی جوگرافیا لە ئاڕاستەکردنی مرۆڤ، واتا لە دەرەوەی ویست و نیازی مرۆڤ، جوگرافیا و کەشوهەوا خودی مرۆڤەکان ئاڕاستە دەکەن . لەم بابەتەدا ئیبن خەلدون تەواو کاریگەر بوە بە فەیلەسوفانی پێشخۆی، وەک <سوقراط> کە لە ماوەی ساڵانی (٤٠٠)ی پێش زایین قسەی لەسەر کاریگەرییەکانی کەشوهەوا و ئاو لەسەر ڕەفتارەکانی مرۆڤ کردوە، هەروەها کاریگەر بوە بە دیدو بۆچونەکانی ئەرستۆ کە لە پەرتوکە بەناوبانگەکەی <السیاسة>دا باس لە کاریگەرییە ژینگەییەکان لەسەر دروستبونی شاری ڕۆما دەکات.

لێرەوە هەندێ پرسیار دروست دەبن، ئایا بە کردەیی ئیبن خەلدون پێیوایە کە مرۆڤ هیچ ڕۆڵێک لە ئاڕاستەکردنی خۆی و کۆمەڵگەدا نابینێت؟ بەپێی دیدی خەلدونی مرۆڤ ئاڕاستەکەرە؟ یان ئاڕاستەکراوە؟ ئیبن خەلدون لە پرۆسەی بونیادنانی کۆمەڵگەدا یان هەر دامەزراوەیەکی تردا، مرۆڤ دەخاتە کام شوێن؟ مرۆڤ بەپێی دیدی خەلدونی تاکێکی داماڵراوە لە ئیرادە و ویست؟ یان ئەوە ئیرادەی مرۆڤەکانە، دەبێتە هۆی گەشەی هەمەلایەنی کۆمەڵگە؟

**لێرەوە وڵامی هەریەک لەم پرسیارانە دەدەینەوە بە چەند خاڵێک:**

١-ناتوانین نکۆڵی بکەین لە کاریگەربونی هۆکارو فاکتەرە ژینگەییەکان لە ئاڕاستەکردنی جوڵەی تاک و کۆمەڵگا.

٢- کاریگەربونی مرۆڤ یان کۆمەڵگە بە فاکتەرەکانی ژینگە، مانای ئەوە نییە کە مرۆڤ یان کۆمەڵگە هیچ ڕۆڵیان نەبێت لەم ناوەندەدا، بەڵکو مرۆڤ لە هەمو بارێکدا ڕۆڵی یەکلاکەرەوە دەبینێت.

٣- ئیبن خەلدون باس لە حەتمیەتی کاریگەری کەشوهەوا و کارلێکی نێوان سروشت مرۆڤ دەکات کە ئەم کاریگەرییە لە دو شێوە خۆی دەبینێتەوە:

شـێوەی یەکەم: کاریگەری ڕۆڵی کەشـوهەوا و پلەی گەرمی لەسـەر ڕەنگ و ڕوی مرۆڤ و خسـتنەڕوی هەندێ بابەتی تەندروستی لەسەر شێوازی نان خواردن و ئەو خۆراک و خواردەمەنییانەی مرۆڤ بە کاریاندەهێنێت، کە ئەمانە بابەتی زانستین، دور و نزیک پەیوەندیان نییە بە بابەتی حەتمیەتی جوگرافیاوە (محمود.٢٠٢٢، ٤٣-٤٥)

شـــێوەی دوەم: هەر لە بارەی کاریگەرییەکانی کەشـــوهەوا ئیبن خەلدون باس لە کۆمەڵێک بابەتیتر دەکات وەکو (خوڕەوشت و هەڵسوکەوت و لایەنی دینداری مرۆڤ)، کە ئەمانەش دەچنە چوارچیوەی زانستێکی تر(محمود.٢٠٢٢، ٤٣-٤٥).

## گۆڕانی ڕەچەڵەک:

"ئیبن خەلدون" قسە لەسـەر نەسـەب و ڕەچەڵەکی کرێکار و خزمەتکارەکان دەکات و دەڵێت: "ڕەچەڵەکی ئەمانە بەپێی ڕەچەڵەک و نەسەبی گەورە و بەرپرسەکانیانە، نەک نەسەبی باب و باپیرانیان"، لەم بارەیەوە ڕونکردنەوەی زیاتر دەدات و دەڵێت: "هەر کاتێک چەند کەسێک، یانیش خانەوادە و گەلێک وازیان لە نەسـەب و ڕەچەڵەکی ئەسڵی خۆیان هێنا و خۆیان دایە پاڵ گەل و نەتەوەیەکی تر، جل و پۆشـــاکی ئەوانیان پۆشی، هەروەها دابونەریتی گەورە و بەرپرســـەکانیان وەرگرت، دوای تێپەڕبونی کات و نانەوەی چەند نەوەیەک، بێگومان دەبنە خاوەن پێگە و بنەماڵە لەنێوان ئەم گەلە تازەیان، بەڵام هیچ کات ناگەنە پلە و مەقامی کوێخاکانیان"(محمود،٢٠٢٢، ٦٠).

## تەوەرەی دوەم: هۆکارە ئابورییەکان

لایەنە ئابورییەکان لە گرنگترین جوڵێنەرەکانی **"گۆڕانی کۆمەڵایەتین"** لە ڕوانگەی ئیبن خەلدونەوە. **(قازانج، بژێوی، شـــێوازی بەرهەمهێنان، دابەشـــکردنی ســـامان)** هەمو ئەمانە ڕۆڵێکی ناوەندیان دەبینن لە شـــێوەپێدانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و دیاریکردنی ڕێڕەوی گۆڕان(مراد، ١٩٦٢، ٣٠٨).

- قۆناغی **"گواسـتنەوە لە بەدەویەتەوە بۆ شـارسـتانی"** ئیبن خەلدون پێیوایە کە زۆربونی بژێوی و باشـبونی بارودۆخی ئابوری کۆمەڵگا کۆچەرییەکان هۆکارێکە بۆ بەرەو جێگیری و قۆناغی شـارسـتانییەت. ئەم گواسـتنەوەیە تەنها گۆڕانێک نییە لە شوێنی نیشتەجێبون، بەڵکو گۆڕانێکی گشتگیرە لە **(بەها، نەریت، شێوازەکانی ژیان، و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان)** (رسلان، ١٢٠). کەواتە دەوڵەت لە سەرەتای دروستبونی لە شێوەی دەشتەکیەتیدایە، لە پاشان هەرکات دەوڵەتداری دەسەڵات بەدیبێت، بە دوایدا خۆشگوزەرانی دێت، شارنشینی تەنیا بریتییە لە هونەری خۆشگوزەرانی و ناز و نیعمەت و بە هێزکردنی پیشەسازییەکانە بە هەمو جۆرەکانیەوە وەک کاروبارەکانی چێشتخانە خانو و هۆکارەکانی ژیان کاروبارەکانی ماڵداری، بۆیە گەڕان بەدوای خۆشگوزەرانی لە ژیانی شارنشینیدا شتێکی پێویستە(ئیبن خەلدون، ٢٠٢٤، ٤٦٣).

## نرخی کەلوپەل و کاڵاکان

"ئیبن خەلدون" قســـە لەســـەر جیاوازیی نرخی کەلوپەل و کاڵاکان دەکات و کۆمەڵێک زانیاریی بەســـود و هاوکێشـەیەکی پێچەوانەش لەم بارەیەوە دەخاتەڕو. لە سـەرەتادا پێشـەکییەک لەسـەر گرینگی و بایەخی بازاڕەکان باس دەکات. بەپێی دیدی خەلدونی، بازاڕەکان شوێنی دابینکردنی پێداویستییەکانی مرۆڤن، بە بنەڕەتی و نابنەڕەتییەوە.

سەبارەت بە هەرزانی و گرانیی نرخی کەلوپەل و کاڵاکانیش، باس لە هاوکێشەیەکی پێچەوانە دەکات، ئەو پێیوایە لە شـــارە گەورەکاندا بە هۆی زۆریی ژمارەی دانیشـــتوان، نرخی کاڵا بنەڕەتییەکان دادەبەزێت و نرخی پێداویســـتییە

تەواوکاری و جوانکارییەکانیش هەڵدەکشێت، بەڵام لە گوند و شارۆچکەکاندا هاوکێشەکە پێچەوانەیە، نرخی کاڵا بنەڕەتییەکان بەرزە و نرخی پێداویستییە نابنەڕەتییەکانیش نزمە، ئەمەش بۆ ژمارە و چڕیی دانیشتوان دەگێڕێتەوە و لەم بارەیەوە دەڵێت: بەو پێیەی لە شارە گەورەکاندا بەشێکی هەرە زۆری هاووڵاتییان و کارگەکان سەرقاڵی بەرهەمهێنانی کەلوپەل و کاڵای بنەڕەتین، ڕێژەی بەروبومی ئەم جۆرە کاڵایانەش زیاد دەبێت و زۆریشیان لێ دەخرێتە بازاڕ، هەروەک ڕونیشە هەر کەلوپەل و کاڵایەک زۆر خرایە بازاڕەکان؛ نرخەکەشیان دادەبەزێت، بە مەرجێک کارەساتی سروشتی ڕونەدات و لەلایەن کۆمپانیا و بازرگانەکانیش کەلوپەل و کاڵاکانی ئیحتیکار و قۆرخنەکرێن( (ئیبن خەلدون،٢٠٢٤، ٦٨٠-٦٧٩).

لە بەرانبەریشدا لە شار و ئاوەدانییە گەورەکاندا، لەگەڵ بەکارهێنان و خواستی زۆری هاوشارییان لەسەر پێداویستییە تەواوکاری و جوانکارییەکان، بەڵام بە هۆی نزمیی ئاستی وەبەرهێنانیان، نرخەکەشیان لە ئاستی سروشتیی خۆیان زیاتر بەرز دەبێتەوە.

هەروەها سەبارەت بە کرێ و مافی وەستا و کرێکارەکان دەڵێت: "بە هەمان شێوە، کرێی کار و پیشە جۆراوجۆرەکان لەناو شارە گەورەکاندا بەرز دەبێتەوە" و ئەمەش بە چەند هۆکارێک دەبەستێتەوە:

**هۆکاری یەکەم:** بە هۆی بەرزیی ئاستی خۆشگوزەرانیی هاووڵاتییانی شارە گەورەکان، داخوازییش لەسەر بەکارهێنانی وەستا و کرێکاران هەڵدەکشێت.

**هۆکاری دوەم:** بەو پێیەی ژیان لەناو شارە گەورەکان ئاسان و بێتە نگوچەڵەمەیە، پیشەوەر و کرێکارەکان بەشانازییەوە پیشەکەی خۆیان مومارەسەدەکەن و تاڕادەیەکی زۆریش دەتوانین بڵێین: بەسەر گرانییەوە کار بۆ خەڵکی دەکەن.

**هۆکاری سێیەم:** بە هۆی زۆریی داخوازیی خەڵک و کەم دەرفەتی و پڕ ئیشیی وەستا و کرێکارەکان، هەندێک خاوەن کار مافی زیاتر بە وەستا و کرێکار و پیشەوەرەکان دەدەن بۆ ئەوەی ئیشەکەیان بۆ پێش بخەن.

هەمو ئەو هۆکارانەی سەرەوە وا دەکەن داخوازی لەسەر ئەو وەستا و کرێکارانە زیادبێت کە لە شارە گەورەکان کاردەکەن و لە بەرانبەریشدا کرێی کارەکانیان بەرزدەکەنەوە، بەڵام لە شارۆچکە و گوندەکان بابەتەکە تەواو پێچەوانەیە و کەمترین خواست لەسەر هێزی کار و پیشە جۆراوجۆرەکان هەیە.

هەروەها سەبارەت بە کرێ و خەرجییەکانی وەبەرهێنان و گومرگ و ئەو باجانەی دەخرێنە سەر بەرهەمهێنانی، یان هاوردەکردنی کەلوپەل و کاڵاکان، دەڵێت: "هەمو ئەو خەرجی و باجانەی لەلایەن حکومەتەوە دەخرێنە سەر بەرهەمهێنان و هاوردەکردنی کەلوپەل و کاڵاکان، دوبارە بازرگان و بەرهەمهێنەکان ئەو خەرجییە زیادانەش دەخەنە سەر نرخ و بەهای بنەڕەتیی کەلوپەل و کاڵاکان و بارگرانییەکە دەکەوێتە ئەستۆی بەکاربەر و هاووڵاتی"( ابن خلدون، ٢٠٠٥، ٢٩٤).

ئیبن خەلدون لەم بەشەی سەرەوەدا بەڕونی باس لە گرینگی و بایەخی کارکردن دەکات و بە هۆکاری سەرەکیی داهاتی تاک و بوژاندنەوەی کۆمەڵگای دادەنێت. جێگای بیرخستنەوەیە لە ئێستادا وڵاتانی پێشکەوتو قەدر و بەهای هێزی کار دەزانن و زۆر جاریش بە هۆی کەمیی ژمارەی هاووڵاتییان و دانیشتوانیان، پەنابەری وڵاتە دواکەوتوەکانی جیهان وەردەگرن و وەک هێزی کار لە وڵاتەکانیان بەکاریاندێنن.

هەروەها "ئیبن خەلدون" بە پێچەوانەی هەندێک ئاراستەی باو کە دژی زۆری و چڕیی دانیشتوانن، پێیوایە هۆکاری سەرەکیی بەهێزبون و هێزی کار و بوژاندنەوەی کۆمەڵگا ژمارەی دانیشتوانن، بە مەرجێک بەپێی پلان و بەرنامەی زانستی بەگەڕبخرێن، ئەگینا هەر ژمارەیەکی زۆر دەبێتە بارێکی قورس و دژوار بەسەر شانی کۆمەڵگاوە.(محمود،٢٠٢٢، ١١٧-١١٩).

## باج وەک هۆکارێکی ئابوری بۆ گۆڕانی کۆڕانی کۆمەڵایەتی

ئیبن خەلدون" قسە لەسەر باج و دەرامەتەکانی وڵات دەکات، هۆکارەکانی زیادی و کەمییشیان دەخاتەڕو. هەر چەندە بەشێک لە ڕەخنەگرانی بیری خەلدونی؛ "ئیبن خەلدون" بە کۆنەپەرست ناودەبەن و پێیانوایە بە هۆی پابەندییەکانیەوە بە کۆمەڵێک یاسا و ڕێسای کۆن و دابونەریتی ئەوسا، نەیتوانیوە سەردەم و ڕۆژگارەکەی خۆی تێپەڕێنێت، بەڵام لە ڕاستیدا بابەتەکە لە بنەڕەتدا تەواو پێچەوانەیە، چونکە ناوبراو وەك هەمو زانا و بیرمەندانی پێش و پاش خۆی، دەکرێت هەندێک لە بیروبۆچونەکانی ناواقیعی و نازانستی بن، هەروەک دەشکرێت بۆ هەندێک سەردەم و ڕۆژگار بەکەڵک و بەسود بن، بەڵام لە سەردەم و قۆناغێکی تردا پێوانە و پێوەرەکان گۆڕانیان بەسەردا بێت. سەرباری هەمو ئەمانەش، بەشێکی هەرە زۆری تێزەکانی "ئیبن خەلدون" تا ئێستاش زیندون، بەتایبەت لەو وڵات و ناوچانەی لە قۆناغی پێش جێگیربون و گەشەی دیموکراسیدان. سەبارەت بە سیستمی ئابوری وڵات و پەیوەندییەکانی نێوان "هێزی کار" و "بەکاربەران" لەگەڵ حکومەت و دامەزراوەکانی دەوڵەتیشدا خاوەنی کۆمەڵێک تێز و بیروبۆچونی ناوازەیە، هەوڵ دەدەین وەک هەمیشە کورتەیەکی پوختیان لێ بخەینەڕو:

لە بارەی زیادی و کەمیی "باج و دەرامەتەکانی" وڵات دەڵێت: "داهات و سەرچاوەکانی بەدەستهێنانی، لە سەرەتای دروستبونی هەر دەوڵەت و قەوارەیەکی سیاسیدا کەم و سنوردارن، بەڵام دەوڵەتان لە شێوازی ئیدارەدان و بەگەڕخستنی سەرچاوەکانی داهاتیان یەکسان و وەک یەک نین، بەڵکو شێواز و میتۆدی جیاواز لەم بارەیەوە پەیڕەودەکەن"(ابن خلدون، ٢٠٠٥، ٢٢٢).

"ئیبن خەلدون"یش لەم سۆنگەیەوە هاوکێشەیەکی زانستی دەخاتەڕو و دەڵێت: "هەمو دەوڵەت و قەوارەیەکی سیاسی لە سەرەتای دروستبونیاندا بە هۆی کەمیی داهات و سنورداربونی سەرچاوەکانی داهاتیان، ناتوانن پلە و پۆست و ناونیشانی کاری جیاواز بەسەر هاووڵاتییەکانیاندا ببەشنەوە، ئەمەش وا دەکات خەڵکی لە پێناو بەدەستهێنانی سەرچاوەی ژیانیان بە دوای کار و کاسپیدا بگەڕێن، هەر کاتێکیش کار و کەسابەت و هێزی کار لە کۆمەڵگادا زیادیکرد، بێگومان گەشە و ئاوەدانیی کۆمەڵگاش زیاددەکات، هەروەک ڕێژەی باج و دەرامەتیش پەیوەستە بە ڕێژەی ئاوەدانیی کۆمەڵگا". کەواتە: بەپێی دیدی خەلدونی، لە سەرەتای دروستبونی دەوڵەتاندا فەرمانبەر و موچەخۆرانی کەرتی گشتی کەمن، بەڵام لە بەرانبەردا هێزی کار لە کەرتی تایبەتدا گەشە دەکات، لە دەرەنجامیشدا کاریگەریی ئەرێنی لەسەر ڕێژەی داهات و باجی دەرامەتی وڵات دادەنێت.

هەروەها دەشڵێت: "کاتێک داهاتی نیشتمانی زیاد دەکات و دەوڵەت دوچاری ئەو گرفت و ئاریشە و نەخۆشییانە دەبێتەوە کە لە پێشەوە باسمان لێوە کردن، ڕێژەی فەرمانبەر و موچەخۆرانی کەرتی گشتی هەڵدەکشێت و خەرجییەکانی حکومەت و کۆمەڵگاش بە شێوەیەکی گشتی هەڵدەکشێن، ئەمەش وا دەکات داهاتەکانیان بەشی خەرجییەکانیان ناکات و لە بەرانبەریشدا حکومەت بۆ داپۆشینی کەموکوڕییەکانی و پڕکردنەوەی کورتهێنانە داراییەکانی،

پەنا دەباتە بەر زیادکردنی باج و سزای دارایی، ئەمەش وا دەكات ڕۆحیەتی كار و كاســـپی لە ناخی هاووڵاتیدا بمرێت و هێزی کاری کۆمەڵگاش بەرەو پوكانەوە و سستی و لاوازی بڕوات، لە دەرئەنجامیشدا باج و دەرامەتی وڵات ڕۆژبەڕۆژ ڕو لە کەمی دەکات".( ابن خلدون، ٢٠٠٥، ٢٢٣).

بەپێی بۆچونی "دانەر"، سەپاندنی سزا و باجی دارایی قورس بەسەر كار و كاسپی و پیشە جۆراوجۆرەكانی هاووڵاتییاندا، دەبێتە هۆی لاوازیی ســـیســـتمی هێزی كار لە وڵاتدا، هەروەها ســـوككردنی باج و لابردنی سزای دارایی دەبێتە هۆی بوژاندنەوەی هێزی كار و زیادكردنی داهاتی نیشتمانی.

**تەوەرەی سێیەم: تەمەنی بایەلۆژی دەوڵەت و قەوارە و دامەزراوە سیاسییەکان:**

ئیبن خەلدون؛ باس لە تەمەنی دەوڵەت و قەوارە و دامەزراوە ســیاســییەکان دەكات، هەروەها دەشــیانچوێنێت بە ســـورِ و تەمەنی مرۆڤ و بونەوەرێكی ئاســـایی، ئێمەش هەوڵدەدەین دید و تێڕوانی خەلدونی لە میانەی چەند خاڵێكدا بخەینەڕو:

١ -ئیبن خەلدون لە ســـەرەتادا باس لە جیاوازی تەمەنی مروڤەکان دەكات بەپێی قۆناغ و ڕۆژگارە جیاوازەكان، هەڵبەتە ئەمەش وەک ئاماژەیەک بۆ ســەلماندنی هەندێک جیاوازیی ڕێژەیی لە تەمەنی دەوڵەت و ســیســـتەمەكانی حوكمڕانیدا. سەرباری جێگیربونی ئەو یاسا و بنەمایانەی پاڵپشـت بە هەندێک دەرەنجامی زانسـتی و کۆمەڵناسی؛ تەمەنی كۆمەڵگا و دەوڵەتان دیاریدەكەن؛ ئەو جیاوازییە ڕێژەیەش دەبەستێتەوە بە هەندێک ڕەفتار و و دابونەریتی گەل و فەرمانڕەواکان(ابن خلدون، ٢٠٠٥، ١٣٦) .

٢- ئیبن خەلدون؛ وەک لە پێشـــەوە باســـمان كرد؛ دەوڵەت و قەوارەكان بە بونەوەرێكی بایەلۆژی دەچوێنێت، تێكڕای تەمەنی مرۆڤێكی مامناوەند كە چل ساڵە بە تەمەنی نەوەیەكی كۆمەڵگا دادەنێت، تەمەنی سێ نەوەش كە دەكاتە سەد و بیست ساڵ دەكاتە بەرزترین ئاستی تەمەنی هەر دەوڵەت و شارستانییەتێک.

٣.ئیبن خەلدون هەر لەم میانەدا؛ شـــیكردنەوە بۆ خەملاندن و تەقدیرەكەی دەكات بۆ تەمەنی دەوڵەت و قەوارە سیاسییەكان، لەم بارەیەشەوە؛ دەڵێت: نەوەی یەكەم؛ خوڕەوشت و دابونەریتە ڕەسەنەكانی خۆیان دەپارێزن، هەروەها دەشتوانن؛ بە باشترین شێوە؛ پارێزگاری لە شكۆی وڵات و سەروەرییەكانی ڕابردویان بكەن. دەشڵێت: نەوەی دوەمیش؛ بە هۆی ئاڵودە بونیان بە پەتای خۆشگوزەرانی و دەستبڵاوی ناپێویست؛ بەشێكی زۆری دابونەریتەكانی باب و باپیران و پێشنیان؛ لە دەست دەدەن، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا؛ بەشێكی شانازییەكانی ڕابردویان تێدا دەمێنێت، كە تا ئەندازەیەكی كەم؛ هێزی كەمی بەرگریان تێدا بەدیدەكرێت. پێشـوایە؛ كە نەوەی سێیەم؛ تەواو جیاواز و ناكۆن لەگەڵ نەوەی یەكەم و سـەرەتا؛ كە بە هیچ شـێوەیەک ناتوانن؛ پارێزگاری لە سـەرەوەری و پیرۆزییەكانی ڕابردویان بكەن(ابن خلدون، ٢٠٠٥، ١٣٧).

هەر بەپێی دیدی خەلدون، هەر کۆمەڵگا و دەوڵەتێک بە چەند قۆناغ و وێســـتگەیەكی جیاوازدا تێدەپەڕێت تا دەگاتە كۆتا ســـاتەكانی تەمەنی هەر یەكێک لەم قۆناغانەش تایبەتمەندیی خۆیان هەیە. ئێمەش هەوڵدەدەین ناوی قۆناغ و هەندێک لە ڕەگەزەكانیان باس بكەین:

**١. سەردەم و دەورانی شۆڕش و خەبات:**

لەم قۆناغەدا خەباتگێڕەکان خەبات بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان و گەیشتن بە کورسیی دەسەڵات دەکەن. جێگای بیرخستنەوەیە کە سەرکردە و ڕابەرانی جوڵانەوەکە لەم قۆناغەدا سەروەر جێگای شانازیی گەلەکەیانن.

**٢. سەردەم و دەورانی تاکڕەوی بەرپرس و دەسەڵاتدارەکان و پشتگوێخستنی کەسە ماندو و خەباتگێڕەکانی ڕابردو:**

لە بەرامبەریشدا بێهیوایی و کزی و کلۆڵی باڵ دەکێشێت بەسەر دڵ و دەرونی هاووڵاتیان و هەمو ئەوانەی کە تا دوێنە پاڵپشتییان لەم سیستەم و دەسەڵاتە کردوە . شۆڕشگێڕەکانی دوێنێ بێهیوا و دورن لە دەسەڵات و پێگەکانی بەڕێوەبردنی وڵات، بەڵام داروەستە و پیاوانی دەوری مەنجەڵی فەرمانڕەوا لە بەرەوپێشدان.

**٣. سەردەم و قۆناغی کاڵبونەوەی بەهاکان و خودەوڵەمەندکردنی بەرپرس و مشەخورەکانی دەسەڵات**

لەم قۆناغەدا پیاوانی دەسەڵات سەرقاڵی بازرگانی و دروستکردنی تەلار و باڵەخانە و کارگەی گەورەن. هەروەها پۆلینێکی چینایەتی لە نێوان خەڵک و هاووڵاتیی ئاسایی لەگەڵ پیاوان و بەرپرسانی ناو حکومەت و کەسە نزیکەکانی کەسە باڵکاندا دروست دەبێت. ئەم جیاوازییەش لە هەمو ڕوییەکەوە هەست پێیدەکرێت. تەنانەت کۆشک و شوێنی حەوانەوە و جلوبەرگ و هەمو شتێکیان جیاوازە لەگەڵ خەڵکی سڤیل و هاووڵاتیی ئاسایی.

**٤. سەردەم و قۆناغی ڕازیبون و تەسلیمبون**

لەم سەردەمەدا بەرپرس و بەناو بڕیار بە دەستەکانی وڵات بەپێی تێگەیشتنی ئەوان تەواو لە دۆخی وڵات ڕازین و هیچ پلان و بەرنامەیەکیان بۆ داهاتو نییە((ابن خلدون، ٢٠٠٥، ١٤٠-١٤١).

کەواتە ئیبن خەلدون گۆڕانی کۆمەڵایەتی وەک پرۆسەیەکی حەتمی و یاساپەروەر دەبینێت کە بە کۆمەڵێک هۆکاری تێکهەڵکێش و بەیەکگرتو کۆنترۆڵ دەکرێت. لە دیدی ئەودا، "ئاوەدانی مرۆیی" لەسەر یەک ئاست نامێنێتەوە، بەڵکو لە جوڵەیەکی بەردەوامدایە بەرەو گۆڕان و گەشەسەندن. سێ تەوەری سەرەکی وەک بنەمای ئەم گۆڕانە دەناسێنێت: هۆکارە جوگرافی و ژینگەییەکان کە کەشوهەوا، سەرچاوە سروشتییەکان و شوێنی نیشتەجێبون شێوازی ژیان، خورەوشت و تەنانەت دینداریەکەی مرۆڤ دیاری دەکەن؛ هۆکارە ئابورییەکان کە قازانج، ڕزق و شێوازی بەرهەمهێنان ڕۆڵێکی ناوەندیان دەبینن لە گواستنەوە لە بەدەوییەتییەوە بۆ شارستانی؛ و تەمەنی بایەلۆژی دەوڵەت کە وەک بونەوەرێکی زیندو، دەوڵەتان بە چەند قۆناغدا تێدەپەڕن: لە شۆڕش و خەبات دەستپێدەکەن، پاشان بەرەو تاکڕەوی و کاڵبونەوەی بەهاکان دەڕۆن، تا دەگەنە قۆناغی کۆتایی یانی ڕازیبون و تەسلیمبون.

ئەم فەلسەفەیە سەلماندنێکی ورد و زانستییە کە گۆڕانی کۆمەڵایەتی یاسایەکی سروشتی و حەتمییە کە هەمو کۆمەڵگاکان پێی پابەند و مەحکومن. ئیبن خەلدون بەم شێوەیە بنەمای زانستی "ئاوەدانی مرۆیی" دادەمەزرێنێت و کۆمەڵە یاسایەك بۆ لێکدانەوەی بون، گەشەکردن و ڕوخانی کۆمەڵگا دیاری دەکات.

**باسی سێیەم: کاریگەری ڕەفتارەکانی تاک و کۆمەڵ لەسەر گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە هزری ئیبن خەلدون دا:**

ئیبن خەلدون لە میانەی دید و تێڕوانینی تیۆرەکانی خۆیدا دەربارەی "گۆڕانی کۆمەڵایەتی" کاریگەری هەندێک ڕەفتاری تاک و کۆمەڵ دیاری دەکات لەسەر ئاستی ئاوەدانی کۆمەڵگا و چەمکی "گۆڕانی کۆمەڵایەتی". ئەم ڕەفتارانەش وەک هۆکاری ناوخۆیی و سوڕی ئاوەدانی دیاری دەکات، کە لە ڕێگەی دیاردە دەرونی و کۆمەڵایەتییەکانەوە؛ پرۆسەی گەشە و دارمانی شارستانیەکان؛ ڕوندەکاتەوە.

ئێمەش هەوڵدەدەین گرنکترین و دیارترین ئەو هۆکار و ڕەفتارانە بخەینەڕو؛ کە ئیبن خەلدون وەکو هۆکار و میکانیزمەکانی چەمکی "گۆڕانی کۆمەڵایەتی" ناوزەندیان دەکات:

**یەکەم:ڕۆچونی بەرپرسان لە خۆشگوزەرانی و کەیفوسەفای دونیادا:**

ئیبن خەلدون ئەم دیاردەیە وەک "(الانغماس في النعم) (ڕۆچون لە خۆشگوزەرانیدا) ناو دەبات، کە مەبەستی ئەوەیە کە بەرپرس و ڕابەرانی کۆمەڵگا بەتێپەڕبونی کات؛ دوچاری دەردی ڕۆچون دەبن لە خۆشگوزەرانی و مەستی و خۆشییەکانی ژیان(ابن خلدون، ٢٠٠٥، ١٣٤).

"ئیبن خەلدون" ئەم بابەتە به بەڵاو موسیبەتێکی گەورە لە قەڵەم دەدات، کە ڕوبەڕوی بەشێکی زۆری سیستەمەکانی حوکمرانی دەبێتەوە، دواجاریش دەبێتە هۆکاری دارمانی کۆمەڵگا، لەم بارەیەوە دەڵێت: "سەلمێنراوە؛ (کاتێک گروپ و تاقمێک لە ڕێگای دەمارگیری دەبنە کاربەدەست و بەڕێوەبەری وڵات، پاش ماوەیەک و بە تێپەڕبونی کات بەرپرسەکانیان دەست بەسەر سەرچاوەکانی داهاتی ولاتدا دەگرن و لەگەڵ کاسبکاران و پیشەوەرانی کۆمەڵگادا دەبنە شەريك و هاوبەش، هەروەها دیاردەی بەرتیل و سو زیاد دەکات و خاوەن پلە باڵاکانی وڵات سەرقاڵی خۆ دەوڵەمەندکردن و دروستکردنی کۆشك و باڵەخانەی گەورەن و دەبنە خاوەنی موڵك و ماڵێکی زۆر، هەروەها خەڵک و ژێردەستەکانیان بۆ خزمەتی خۆیان و خانەوادەکانیان بەکاردەهێنن، ئەمەش دەبێتە هۆی شکانی هەیبەت و شکۆی وڵاتیان. لە ئەگەری بەردەوامبونیشیان، ڕۆژبەڕۆژ لە پوکانەوە و دارمان نزیک دەبنەوە.)

جێگای ئاماژ پێکردنە، بەپێی دیدی خەلدونی؛ بێدەنگی خەڵک و نەبونی بەرهەڵستکاری، ڕادەی ڕۆچونی بەرپرسان لە خۆشی و سەفادا زیاتر دەکات. (العبدة، ٢٠٢٠، ١٣٨).

**دووەم. تاکڕەویی (التفرد بالمجد)**

ئیبن خەلدون مۆنۆپۆلکردنی دەسەڵات و شانوشکۆ و شۆرەت و پێگەکانی دەستەڵات لە لایەن بەرپرس و ڕابەرانی کۆمەڵگا؛ بە تاکڕەوی وەسف دەکات. "ئیبن خەلدون" باس لە گەیشتنی گروپ و پارت و حیزبە سیاسییەکان دەکات، کە چۆن دەگەن بە تەخت و کورسیی پاشایەتی و دەسەڵات. کاتێکیش دەگەنە سەر کورسییەکە، چۆن هەندێکیان تاکڕەوانە مومارەسەی دەسەڵاتەکانیان دەکەن.

لەم بارەیەوە دەڵێت: "هیچ کەس و لایەن و پارت و حیزبێکی سیاسی بەبێ پشتیوانیی لایەنگر و ئەندامەکانیان ناگەن بە کورسیی دەسەڵات، کاتێکیش بە مەرامە سیاسییەکانیان دەگەن و بەرهەمی ماندوبونەکانی دوێنێیان دەچننەوە و دەبنە خاوەن دەوڵەت و قەوارەی سەربەخۆی خۆیان، هەروەها قۆناغی سەقامگیریی کۆمەڵگا دەستپێدەکات، ئەوسا هەندێک لە پاشا و سەرۆکەکان کار بە ڕاوێژ و هەماهەنگیی نێوان ئەندامان و تاکەکانی دامەزراوەکانیان ناکەن و تاکڕەوانە و بەبێ گوێدانە هاوبەشەکانیان بڕیارەکان دەردەکەن، بەمەش ئینتیمای هاووڵاتییان و هاونیشتمانیان تارادەیەکی زۆر لاواز دەبێت"(ابن خلدون، ٢٠٠٥، ١٣٣).

هەروەها دەڵێت: هەرچەند فەرمانبەران و کاربەدەستانی دەوڵەت زۆرترین، ئەوا ئەو دەوڵەتەش بەهێز دەبێت ناوچەگەلێکی زیاتر داگیردەکات و فەرمانڕەواییەکەی فراوانتر دەبێت(ئیبن خەلدون، ٢٠٢٤، ٤٤٢).

ئیبن خەلدون لە کۆتاییشدا دەڵێت: "ئەم تاکڕەوییەش لەوانەیە تەنها بۆ کەسی یەکەم و دوەم، لە بەرزترین حاڵەتیشدا تا سەرۆکی سێیەم، بەردەوام دەبێت و دواجاریش ئاکامەکەیان هەڵوەرین و پوکانەوەیە".

**لێکەوت و گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکانی مومارەسەکردنی تاکڕەوی:**

کاتێک سەرۆک و بەرپرس و ڕابەرانی وڵات؛ تاکڕەوانە حوکم دەکەن؛ چەندین گۆڕانی کۆمەڵایەتی لێکەوتەی نەرێنی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، لەوانەش:

١-دورخستنەوەی کەسانی بەتوانا و خاوەن ئەزمون و شارەزا و هاتنە پێشی کەسانی بودەڵە و ناشارەزا.

٢-کۆکردنەوەی سەرچاوەکان: کۆکردنەوەی سامان و سەرچاوەکان بە تەنها بۆ خۆیان.

٣-قەیرانی دارایی و لاوازبونی چالاکی ئابوری تاک و مۆنۆپۆلکردنی سەرچاوەکانی داهات و بازرگانی وڵات.

٤-لاوازبونی هەست و سۆز و ئینتیمای نیشتیمانی و دەمارگیری.

٥-دروستبونی نارەزایەتی و پشێویی.

**سێیەم: بەپێی دیدی خەلدونی؛ سەردانەواندن و ملکەچکردنی هەرگەل و نەتەوەیەک بۆ گەل و نەتەوەی بێگانە، لەمپەرن لەبەردەمی گەیشتن بە دەسەڵات**

"ئیبن خەلدون" لەم کورتەباسەدا تەواو وەک کۆمەڵناسێکی گەورە دەردەکەوێت و قسە لەسەر کۆمەڵێک خوڕەوشت و ئاکاری کۆمەڵگا دەکات و لە ڕێگای خستنەڕوی دابونەریت و ڕەفتارەکانیان و جۆری مامەڵەیان لەگەڵ بەرپرسان، ئایندەی کۆمەڵگاکەش دیاری دەکات.(ابن خلدون، ٢٠٠٥، ١١٣).

"ئیبن خەلدون" لەم بارەیەوە دەڵێت: "سەرنەویکردن و مەلکەچیی هەرگەل و نەتەوەیەک بۆ گەل و نەتەوەیەکی تر، شکۆ و هەیبەتیان دەڕوشێنێت و ڕەونەقی دەمارگیریشیان ناهێڵێت، هەروها بە ئەندازەیەک سست و لاوازیان دەکات کە ناتوانن داکۆکی لە خۆیان و سەر و ماڵیان بکەن، هەرکەس و لایەنێکیش هێزی بەرگرییان لەدەست دا، بێگومان ناشتوانن داوای مافەکانیان بکەن"(العبدة، ٢٠٢٠، ١٤١).

**چوارەم: ستەم و دارمان و وێرانەی کۆمەڵگا:**

"ئیبن خەلدون" باس لە ستەم و جۆرەکانی دەکات و تیشکیش دەخاتە سەر عاقیبەت و ئاکامە خراپەکانی ئەنجامدانی ستەم. "دانەر" دەربارەی ستەم و جۆرەکانی دەڵێت: "ستەم بەتەنها بریتی نییە لە دەستبەسەرداگرتنی موڵك و ماڵی خەڵکی بە ناحەق و بەبێ بەرانبەر، هەڵبەتە ئەمە واتا باوەکەی ستەمە بەڵام لە بنچینەدا ستەم زۆر لەم واتا باوە گشتگیرتر و فراوانترە".

بە دیدی ئەو، هەرکەسێک بە ناحەق موڵك و ماڵی کەسێک یان لایەنێک داگیربکات، یان ڕێگری لە ئەنجامدانی کارێکی ڕەوا بکات، یانیش بە ناحەق و بەدەر لە یاسا و ڕێنماییەکان و دەستوری وڵات؛ کارێک بەسەر کەس و لایەنێکدا بسەپێنێت، لە هەمو ئەو بارانەی سەرەوە و باری هاوشێوەشدا دەستدرێژیکار بە ستەمکار دادەنرێت. هەروەها سەبارەت بە کۆکردنەوەی باج و پارەی سزا سەپێنراوە داراییەکانیش لەلایەن فەرمانبەران و ڕاسپێردراوانی دەوڵەت،

دەڵێت: "کۆکردنەوەی باج و دەرامەت و پارەی سزاکان بە ناحەق، بە ستەم و بێدادی هەژمار دەکرێت و دەستدرێژیکەرانیش بە ستەمکار دادەنرێن"(ابن خلدون، ٢٠٠٥، ٢٢٨).

بە بیروبۆچونی "ئیبن خەلدون"، چوارچێوەی ستەم و ستەمکاری گەلێک فراوان و گشتگیرترە لە واتای باوی "ستەم"، هەر کارێک بە ناحەق و بەدەر لە یاسا و شەرع ئەنجام بدرێت، بە "ستەم" لەقەڵەم دەدرێت. سەبارەت بە دەرئەنجام و ئاکامی ستەمیش، دەڵێت: "عاقیبەت و سەرئەنجامی هەمو ستەمێک، وێرانکردن و دارمانی کۆمەڵگایە". ئەنجامدانی "ستەم" بە زەنگی ئاگادارکردنەوەی دارمانی کۆمەڵگا دادەنرێت. لە بەرانبەریشدا هەر گەل و نەتەوەیەک گوێی بیستنی زەنگەکەیان هەبێت، هەروەها توانا و ئیرادەی بەرپێگرتن و کۆنترۆڵکردنیشیان هەبێت، بێگومان دەشتوانن ڕێگا لە تەشەنە و بڵاوبونەوەی "ستەم و وێرانەی کۆمەڵگاش" بگرن، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەو گەل و نەتەوانەی بێباکانە مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسەدا دەکەن، حەتمەن سەرەنجام و ئاکامیشیان لەناوچون و ڕوخانە(ئیبن خەلدون، ٢٠٢٤، ٦٩٤).

**پێنچەم: نزمیی ئاستی بیناسازیی گەل و نەتەوەی عەرەب**

بەپێی دیدی خەلدونی: "دروستکراوەکانی گەلی عەرەب زو توشی ڕوخان و دارمان دەبن، ئەمەش بۆ نزمیی کواڵێتی و نەبونی ڕێکوپێکی لە کارەکانیاندا دەگێڕێتەوە". هەڵبەتە کوالێتی و ئەنجامدانی هەر کارێک بەڕێکوپێکی، بە کۆمەڵێک ڕەگەز و پایەی گرنگەوە پەیوەستە، بەپێچەوانەوە ئەنجامدانی هەر کارێک بەبێ ڕەچاوکردنی ئەو بنەمایانە، ئاکامەکەی باش و بەرهەمدار نابێت.

هەروەک ڕونە یەکەم پلان و کاریش کە پێویستە لە ئەنجامدانی هەر پرۆژەیەکدا ڕەچاو بکرێت، بریتییە لە: هەڵبژاردنی دروست، کەواتە: هەر کار و پرۆژەیەک هەڵبژاردنەکەی دروست نەبێت، بێگومان هەرچی بکرێت کارەکە بەبێ خەوشی نایەتە بەرهەم، هەروەک لە پێشەوەش باسمان کرد گەلی عەرەب لە هەڵبژاردنەکانیاندا وردەکار نین و سەرباری خراپیی هەڵبژاردەکانیشیان، لە جێبەجێکردنیشدا کارامە و لێهاتو نین.

**شەشەم: پاشەکشێی دەوڵەت و شارەکان لە پرۆسەی پیشەسازیدا**

"ئیبن خەلدون" بەڕونی قسە لەسەر هۆکارەکانی گەشە و پاشەکشێی ڕەوتی پیشەسازیی کۆمەڵگا دەکات. بەپێی دیدی خەلدونی، هەمو کۆمەڵگایەک لە قۆناغە سەرەتاییەکانی بونیادناندا بە هۆی کەمیی ڕێژەی دانیشتوان و هێزی کاریان، ناتوانن کەرەستە و کەلوپەلی پێویستی پیشەسازیی هەمەجۆر بەرهەم بێنن، بەڵام دوای زیادبونی ژمارەی دانیشتوانیان، دەرفەت و هەلی وەبەرهێنانیان لەبەردەستە(ابن خلدون، ٢٠٠٥، ٢٩١).

جێگای بیرخستنەوەیە لە ئێستادا بەشێکی زۆری وڵاتانی پێشکەوتوی جیهان بەدەست کەمیی هێزی کارەوە دەناڵێنن، هەر بۆیەش هەندێکیان لە پێناو بەرزکردنەوەی هێزی کار لە وڵاتەکەیاندا، پەنابەری وڵاتانی تر وەردەگرن. بە تێڕوانینی ئەو، لە کۆتایی تەمەنی سیاسیی هەر دەوڵەت و سیستمێکی حوکمڕانیدا کۆمەڵێک دیاردە و دەرد و بەڵا و دەردەسەری سەر هەڵدەدەن، لەوانەش زیادبون و هەڵکشانی ڕێژەی ئاودانی و زیادبونی قاتوقوڕی و دەرد و پەتا و نەخۆشی و مردن، هەروەک دەرکەوتنی هەریەکێکیش لەمانە شیکار و شرۆڤە دەکات و پاساویشیان بۆ دەهێنێتەوە.

سەبارەت بە زۆربونی ڕێژەی ئاوەدانی لە کۆتا ساتەکانی تەمەنی دەوڵەت و سیستمەکاندا، دەڵێت: "چونکە هەمو دەوڵەت و سیستمێکی حوکمڕانی لە سەرەتای قۆناغەکانی بونیاتناندا زێدە مەسرەفی ناکات، بەڵام وەک لە پێشەوە باسمان کرد، بە تێپەڕبونی کات بەرپرسان و کۆمەڵگاش بە شێوەیەکی گشتی دوچاری زێدەمەسرەفی و دەستبڵاوی دەبنەوە، کاریگەرییەکانی ئەم دەستبڵاوییەش دەکەوێتە قۆناغەکانی کۆتایی تەمەنی دەوڵەت و قەوارەکە"(ابن خلدون، ٢٠٠٥، ٢٤١).

هەروەها زیادبونی قاتوقڕی و تەنگوچەڵەمەی داراییش دەگێڕێتەوە بۆ مامەڵەی ناهاوسەنگی حکومەت و هاووڵاتییان لەگەڵ ئەم پرسەدا، هەڵبەتە مامەڵەی نازانستی و نادروستی دارایی کار دەکاتە سەر کەمبونی سەرچاوە و هۆکارەکانی وەبەرهێنان و زیادبونی سەرچاوەکانی بەفیڕۆدان.

هەروەک زۆربونی نەخۆشی و پەتا و مردنیش دەگێڕێتەوە بۆ زیادبونی شەڕوشۆڕ و ململانێی سیاسی و سەربازیی نێوان ئادەمیزادەکان، هەروەک باس لە کاریگەرییەکانی سیستمی خواردن و هۆکارە ژینگەییەکانیش لەسەر دیاردەکە دەکات.

لەسەر بنەمای تیۆرییەکانی ئیبن خەلدون، ڕەفتارەکانی تاک و کۆمەڵ ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەگێڕن لە پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا. ئەو شەش فاکتەرەی باسکراون (ڕۆچونی بەرپرسان لە خۆشگوزەرانیدا، تاکڕەویی، سەرنەویکردن، ستەم، نزمیی کوالێتی بیناسازی، و پاشەکشێی پیشەسازی) وەک زنجیرەیەکی پەیوەست کار دەکەن بۆ دروستکردنی گۆڕانێکی نەرێنی لە کۆمەڵگادا. هەر کە بەرپرسان دەکەونە ناو ئەلقەی خۆشگوزەرانی و تاکڕەوییەوە، کۆمەڵگا بەرەو لاوازی و دارمان دەڕوات، چونکە سەرچاوەکان بە ناعادلانە دابەشدەبن، هێزە شارەزاکان دوردەخرێنەوە، و بناغەی ئابوری و کۆمەڵایەتی ئاوەدانی لەناودەچێت.

ئەنجامی ئەم پرۆسەیە ئەوەیە کە کۆمەڵگا توشی قەیرانێکی فرەڕەهەند دەبێت کە تەنها بواری ئابوری ناگرێتەوە، بەڵکو هەستوسۆزی نیشتیمانی، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، و بەتواناییەکانی نوێکردنەوە و گەشەکردنیش تێکدەدات. لەم چەرخەدا کۆمەڵگا دەکەوێتە ئەلقەی بەردەوامی دارمانەوە، کە تەنها بە چاکسازیی بنەڕەتی لە ڕەفتاری ڕابەری و هەڵگەڕانەوە بۆ بەها پیرۆزەکانی دەمارگیری و هاوکاری کۆمەڵایەتی دەکرێت بەرەنگاری بکرێتەوە.

**دەرەنجام:**

دوای ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە؛ گەیشتینە ئەو دەرەنجامەی؛ کە زانا و بیرمەندی گەورەی شارستانییەتی ئیسلامی "ئیبن خەلدون" یەکێک بوە لە پێشەنگە دیارەکانی زانستی کۆمەڵناسی و تیۆرەکانیشی- دەربارەی "گۆڕانی کۆمەڵایەتی" خاوەنی بەها و نرخێکی زانستی گەورەن، هەروەها لە زۆر ڕووەوە لەگەڵ تیۆرییە هاوچەرخەکاندا هاوشێوە و کۆک و تەبان. گەیشتینە ئەو دەرنجامەی؛ کە ئیبن خەلدون؛ هاوشێوەی زانا و فەلەسوف و کۆمەڵناسانی نوێ و هاوچەرخ؛ گۆڕانی کۆمەڵایەتی بە "پرۆسەیەکی دینامیکی" بەردەوام دەزانێت و دەیان و سەدان تێز و بیروبۆچونی لەمبارەیەوە خستۆتەڕو... بیروڕاکانی ئیبن خەلدون لە بواری گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا نەک هەر لە سەردەمی خۆیدا بە کەڵک و بە سود بون، بەڵکو لە ئێستاشدا دەتوانرێت؛ ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕن لە تێگەیشتنی ئەو پرۆسانەی لە کۆمەڵگاکاندا ڕودەدەن.

بیرکردنەوەی ئینسکلۆپیدی ئیبن خەلدون وایکردوە؛ کە لە گۆشەنیگای جیاوازەوە شرۆڤەی "گۆڕانی کۆمەڵایەتی" بکات، ئەمەش ڕوانگەیەکی تەواو و فراوانی پێداوە، هەمو ئەوانەی پێشیان وایە؛ کە بیردۆزەی ئیبن خەلدون دەربارەی

چەمکی گۆڕانی کۆمەڵایەتی تەنها دەچێتە چوارچێوەی بیردۆزە بازنەییەکان؛ زۆر ئاشـنا نین بە دوربینی و گشـتگیری بیری ئیبن خەلدون. چونکە تەنها لەو گۆشـەوە شرۆڤەی بیردۆزەی خەلدونیان کردوە دەربارەی چەمکی "گۆڕانی کۆمەڵایەتی" کە ئیبن خەلدون باس لە سـوڕی ژیانی دەوڵەت و قەوارەکان دەکات، بە دیدی ئەوانیش دەچێتە چوارچێوەی تیۆرە بازنەییەکان، بەڵام لە ڕاسـتیدا ناوبراو لە زۆر گۆشـەی ترەوە شرۆڤەی پرۆسـەکە دەکات و ڕوانگەیەکی زۆر فراوانتری هەیە. ئەمە پێمان دەڵێت کە مێژوی بیری ئیسـلامی سـامانێکی بەنرخی لە بواری زانسـتە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکاندا هەیە کە شایانی لێکۆڵینەوە و سودلێوەرگرتنە.

لە کۆتاییدا، پێشـنیاز دەکەین؛ کە توێژینەوەی زیاتر لەسـەر کارەکانی زانایانی کۆنی مسـوڵمان لە بواری کۆمەڵناسی و فەلسەفەی کۆمەڵایەتیدا ئەنجام بدرێت، چونکە ئەمانە دەتوانن بەشدارییەکی بەرچاو بکەن لە پەرەپێدانی ئەم زانستانە لە جیهانی ئەمڕۆدا.

**لیستی سەرچاوەکان:**

ئیبن خەلدون، ع. (٢٠٢٤) .*موقەدیمەی ئیبن خەلدون* .وەرگێڕ: سەعید بەشیر، چاپخانەی گەنج، چاپی دووەم.

ئەحمەد محمود، د. (٢٠٢٢) .*سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکری*، چاپی یەکەم.

وەردی، ع. (٢٠١٩) .*سۆسیۆلۆژیای مەعریفە* .وەرگێڕانی: د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، چاپخانەی تاران.

وەردی، ع. (٢٠٢١) .*تیۆری معریفی لای ئیبن خەلدون* .وەرگێڕانی: مەودود جبار، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕۆشنبیری ئەدەبیان.

ابن خلدون، ع. (٢٠٠٥) .*مقدمة ابن خلدون* .تحقيق: الدكتور محمد محمد تامر، مكتبة الثقافة الدينية، الطبعة الأولى.

البخاري، أبو عبد الله محمد بن إسماعيل الجعفي (١٩٩٣ .(*صحيح البخاري* .المحقق: د. مصطفى ديب البغا، الطبعة الخامسة، دار ابن كثير ودار اليمامة، دمشق.

العطاس، السيد فريد (٢٠٢١) .*تطبيق ابن خلدون* .ترجمة: أسامة عباس، مركز نهوض للدراسات والبحوث، بيروت، لبنان، الطبعة الأولى.

الربيعي، فضل عبدالله د. (٢٠٢٠) .*التغير الاجتماعي* .بيت الحكمة، بغداد.

العبدة، محمد د. (٢٠٢٠ .(*مقدمة ابن خلدون)(اختصرها وقدم لها وعلق عليها* .(دار الصفوة، الطبعة الأولى.

إبراهيم، محمد عباس (٢٠١٠ .(*علماء المسلمين والفكر الاجتماعي* .دار المعرفة الجامعية، الإسكندرية.

عبدالحافظ، مجدي (٢٠٠٥) *فكرة التطور عند فلاسفة الإسلام* .ترجمة هدى كشرود، المجلس الأعلى للثقافة، القاهرة، مصر، ط١.

جغلول، عبد القادر (١٩٨١) *الإشكاليات التاريخية في علم الاجتماع السياسي عند ابن خلدون* .ترجمة فيصل عباس، دار الحداثة بالتعاون مع ديوان المطبوعات الجامعية بالجزائر، بيروت، لبنان.

الساعاتي، حسن (١٩٧٢) .*علم الاجتماع الخلدوني قواعد المنهج* .دار النهضة العربية، بيروت، لبنان، ط١.

وافي، علي عبدالواحد د. (١٩٤٨) .*عبقريات ابن خلدون* .مكتبات عكاظ للنشر والتوزيع، المملكة العربية السعودية، الطبعة الأولى.

حسين، طه (١٩٣٥ .(*فلسفة ابن خلدون الاجتماعية، تحليل ونقد* .ترجمة محمد عبدالله عنان، لجنة التأليف والترجمة والنشر.

عنان، محمد عبدالله (١٩٣٤) .*ابن خلدون حياته وتراثه الفكري* .دار الكتب المصرية.

حقيقي، نور الدين (١٩٨٤) .*الخلدونية: العلوم الاجتماعية وأساس السلطة السياسية* .ترجمة الياس خليل، المطبعة الجمهورية، وهران الجزائر.

مراد، محمد حلمي د. (١٩٦٢) .*أبو الاقتصاد ابن خلدون* .أعمال مهرجان ابن خلدون، المركز القومي للبحوث الاجتماعية والجنائية بالقاهرة.

رسلان، صلاح الدين بسيوني د. (بدون تاريخ) .*السياسة والاقتصاد عند ابن خلدون* .كلية الآداب، جامعة القاهرة.

الحصري، ساطع، (٢٠٢١)، دراسات عن مقدمة ابن خلدون، الناشر : مؤسسة هنداوي.